گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X



Vol.28 Issu 4 2024
ID No. 1820 (PP77-98)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.4.5

توێژینەوە

# ستراتیژی ئەمریکا بەرامبەر به فراوانخوازییەکانی چین لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە ڕوانگەی تیوری ڕیالیزمی هێرشبەرانەی جۆن میرشایمەر

**چنار بابکر محمد/** بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و دیپلۆماسی، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر،هەولێر،هەرێمی کوردستان،عیراق.

**پوختە**

ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ئەو ناوچەیەیە، کە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێگەیەکی ستراتیژی گرینگی هەیە، بۆیە بۆ هیچ ئەکتەرێکی تر نییە، هەژموونی خۆی بەسەر ئەو ناوچەیە بسەپێنێ و دواجار ببێ بە مایەی هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەمریکا. لە ئێستادا کۆماری چینی میللی ئەو دەوڵەتەیە، کە لە دیدی ڕۆژئاواییەکان هەوڵدەدات ببێ بە ئەکتەرێکی هەرێمی و نێودەوڵەتی، تاوەکوو بتوانێ ئەو ستراکچەرە نێودەوڵەتیەی ئەمریکا دایمەزراندووە بگۆڕێ. ئێمە لەم توێژینەوەیە هەوڵمان داوە لە دیدی جۆن میرشایمەرەوە، کە زانایەکی ناوداری نیۆریالیستەکانە و بە دامەزرێنەری تیۆری ڕیالیزمی هێرشبەرانە ناسراوە، شیکردنەوەیەکی زانستی بۆ ئەم بابەتە بکەین. میرشایمەر پێی وایە، حاڵەتی ئەنارکی بووە بە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر لەناو پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی. ئەم پێکهاتەیە و ئەم سیستەمە لیبراڵییەی، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دایمەزراندووە، دەرفەتی بۆ کۆماری چینی میللی ڕەخساند، لە ڕووی توانای ئابوری خۆی بەهێز بکات و هەر لەو ڕێگەیەشەوە بەتەواوی گەشەسەندنی سەربازی بەخۆیەوە ببینێ. هەروەها لەم توێژینەوەیەمان هەوڵمان داوە، بە گەڕانەوە بۆ ڕووداوەکان و بە خوێندنەوەی ڕەفتارەکانی چین و ئەمریکا لە ناوچەکە شیکردنەوە بۆ تیروانینی جۆن میرشایمەر بکەین، ئایا بە چ شێوەیەک چین توانیویە فراوانخوازی ئەنجام بدات و ئایا هەوڵ چین دەدات هەژموون بسەپێنێ. لەکۆتاییشدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، کە ڕاستە چین لە ڕێگەی پرۆژەکانی ئابووری وبازرگانی هەوڵی فراوانخوازی دەدات، بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێگەی دروستکردنی هاوپەیمانێتی ناوچەیی و دامەزراندنی ڕێکخراوە هاوبەشییە ناوچەییەکان و پاڵپشتیکردنی نەیارانی چین لە ناوچەکە هەوڵی ڕووبەڕووبوونەوەی چین دەدات و سنووری بۆ سیاسەتەکانی چین دادەنێ، بەڵام چین بەردەوام بە مەترسی و بە دەوڵەتێکی گۆڕانخواز لەناو ستراتیژی ئەمریکا دەبینرێ.

CORSPONDANCE
چنار بابکر محمد
Chenar.mohammed@su.edu.krd

وەرگرتن 2024/02/29
پەسندکردن 2024/05/05
بڵاوکردنەوە 2024/08/15

**وشە سەرەکییەکان:**
ڕیالیزم، سیاسەتەکانی هێز،
تەنگژەی ئاسایشی،
هەژموون،
فراوانخوازی چین،
ستراتیژی ئەمریکا.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی

ڕووداوەکان و جەنگەکان و ململانێیەکان لە جیهاندا بوون بە مایەی ئەوەی ئێمە بە بەردەوامی بە دوای هۆکار و سەرچاوەی گرفتەکان بگەڕێین. ئایا بەگەڕانەوەمان بۆ ڕابردوو دەتوانین داهاتوو پێناسە بکەین، یاخود ئەم تێڕوانینەی ڕیالیستەکان بۆ جیهان و پەیوەندی نێوان دەوڵەتەکان و هەڵسوکەوتەکانیان، کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە، هێشتا بوونی هەیە و کاریگەری دەبێت لە سەر ستراکچەری نێودەوڵەتی.

هەبوونی ناکۆکی و ڕکابەری، نەبوونی متمانە و ترس لە هەڕەشە، بوونە فاکتەری کاریگەر بۆ گەڕان بە دوای هێز لە ناو سیستەمی نێودەوڵەتی، کە هەر وەکو ستراکچراڵ ڕیالیستەکان پێیان وایە، هۆکاری گەڕانی دەوڵەتەکان بەدوای هێز ئەو ڕاستیەیە، کە ستراکچەری سیستەمی نێودەوڵەتی ئەوە دەخوازێ، چونکە هێز ئامرازێکی کۆتاییە بۆ مانەوە بە بەردەوامی. هەرچەند ڕیالیستە کلاسیکەکان پێیان وایە، هەبوونی هێز خۆی لە خۆدا کوتاییە، بەڵام ستراکچراڵ ڕیالیستەکان دەڵێن هێز ئامرازێکی کۆتاییە بۆ مانەوە. لەبەر ئەوەی هێز بابەتی مانەوەیە و هۆکارە بۆ سەرهەڵدانی ناکۆکی و ڕکابەری و دواجار وا دەکات، دەوڵەتەکان بەدوای هێز بگەڕێن. دەوڵەتەکان بە دوای هێز دەگەڕێن چونکە لە ناو سیستەمی ئانارشی  نێودەوڵەتیدا هیچ دڵنیایی و متمانەیەک بوونی نییە. کاتێ دەوڵەتێ هێرش بۆ سەر دەوڵەتێکی تر دەبات، هیچ ناوبژیوانێ نییە بەرامبەر بەو هێرشە بیپارێزێ و بەرگری لێ بکات.

ستراکچەراڵ ڕیالیستەکان، بڕوایان وایە هیچ دەوڵەتێک نییە قبووڵی ئەو ڕەوشەی ئێستای سیاسەتی جیهانی بکات. بۆیە ژمارەیەك دەوڵەت هەن، دەیانەوێ گۆڕانکاری لەم  دۆخەی ئێستای جیهان بکەن. جۆن میرشایمر وەکوو زانایەکی نیۆڕیالیستەکان لە تیۆری هێرشبەرانەی خۆی هەڕەشەکان و دەرئەنجامەکانی هەژموونی چینی دیاریکردووە، کە چی ڕوودەدات، ئەگەر چین ببێ بە هەژموونی ناوچەیی. میرشایمەر بە شیکردنەوەکانی دەیەوێ ڕوونی بکاتەوە، کە چۆن چین مەبەستێتی بەم هەژموونەی ئەو سیستەمە بگۆڕێ، کە ئەمریکا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دایمەزراندووە، تەنانەت لە ناو ستراتیژی  ئاسایشی ئەمریکا چین بە دەوڵەتی  گۆڕانخواز ناونراوە.  بەو شێوەیە بێ ئەمریکا هەستی بەوە کردووەکە، کەوا ئەو ستراکچەرەی لە ئێستادا سەرکردایەتی دەکات، بکەوێتە بەر مەترسی، ئەگەر چین بگات بە هەژموونی هەرێمی و دواجار لە ڕێگەی پرۆژەکانی خۆی لە ناوچەکە ببێت بە بەهێزێکی سەربازی. بۆیە میرشایمەر پێی وایە چین و ئەمریکا دەکەونە ناو ڕەوشی کێبرکێی ئاسایشی. ئەم ڕەوشەی ڕیالیستەکان لەسەری کۆکن ،کە متمانە لە نێوان دەوڵەتەکان بوونی نیە و دواجار ئەمریکا متمانەی بە چین نییە و ترسی لەوە هەیە، چین بگاتە ئاستێ ببێت بە هەرەشە بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا.

## گرینگی توێژینەوە:

کۆماری گەلی چین ئەو وڵاتەیە، کە لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بوونی هەیە  و دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم و دوای ئەوەی توانی لە ڕووی ئابووری و پەرەپێدانی بازرگانی گەشەی بەرچاو بکات و وەکوو ئەکتەرێکی گرینگی ناو ئەو سیستەمە نێودەوڵەتییەی ئەمریکا سەرکردایەتی دەکات و پێشووتر دامەزرێنەری ئەم سیستەمە لیبرالیە بووە، جێی خۆی بکاتەوە و دواجار پێش بکەوێ،ئەمەش  وای کرد، ژمارەیەك لە زانایانی بواری پێوەندیە نیودەوڵەتیەکان و داڕێژەرانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان ڕەخنە لە سیاسەتەکانی ئەمریکا بگرن، کە چینی ڕاکێشایە  ناو ئەو سیستەمەی، کە ئەمریکا دایمەزراندووە و ئینجا چین وەکوو نەتەوەیەکی سوودمەند لەو سیستمە بتوانێ پەرەبە تواناییەکانی بدات و دواجار لەم ساتەوەختەدا ببێ مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و بۆ سەر ئەو سیستەمە لیبڕالەی، کە ئەمریکا دایمەزراندووە. گرینگی ئەم توێژینەوەیە لەوە دایە، خوێندنەوە بۆ تیۆری هێرشبەرانەی  زانایانەیەکی ناوداری  قوتابخانەی نیۆریالیست بەناوی (جۆن میرشایمەر) دەکات، کە لای خۆیەوە هەوڵی داوە مەترسی فراوانخوازییەکانی چین بۆ سەر ستراتیژی ئەمریکا بخاتە ڕوو، بەتایبەتی ئەمریکا دواجار ڕێگە نادەت، هیچ هەژموونی تری جیهانی لەتەنیشت ئەوەوە لە هیچ شوێنەکی جیهان سەر هەڵبدات، تاوەکوو ئەو سیستەمەی دایمەزراندووە نەکەوێتە بەر مەترسی.

**ئامانجی تۆێژینەوە:**

ئەم تۆێژینەوەیە باس لەو سیستەمە نێودەوڵەتیە دەکات، کە ئەمریکا پێشرەوی دەکات. لە ئێستادا چین هێزێکی گەورەیە لە ناو ئەم سیستەمە، بۆیە تۆێژەرانی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی توێژەرە ڕۆژئاواییەکان هەوڵ دەدەن، ئەو دەرئەنجام و ئەو ئالنگاریانە بخەنە ڕوو، کە لە ئاکامی فراوانخوازیەکانی چین ڕووبەڕووی ئەمریکا دەبنەوە. ئامانجمان ئەوەیە کە؛

1- زانیاری ئەکادیمی سەبارەت بەو ڕەفتارانەی چین بخەیەنەڕوو، کە وایان لە ئەمریکا کردووە، لەناو ستراتیژی نیشتمانی خۆی چین بە دەوڵەتێکی گۆڕانخواز ناوزەد بکات، کە هەوڵ دەدات بۆ فراوانخوازی و پێویستە لەسەر ئەمریکا ڕووبەڕووی بێتەوە.

2- بە تیشکخستنە سەر تێروانین و شیکردنەوەکانی زانای نیۆریالیستی ئەمریکا، جۆن میرشایمەر، لە چوارچێوەی تیۆری ستراکچەر ریالیستیدا خوێندنەومان بۆ ئەم بابەتە هەستیارە کردووە.

3- لە کۆتاییدا ئێمەش وەکو هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشەی ئەم جیهانە پڕ لە کێشەیە بوونمان هەیە، کە ئەمڕۆ بووە بە گۆڕەپانی ململانێ و کێبڕکێی نێوان زلهێزەکان، تا بتوانین بە خوێندنەوەیەکی ووردی ئاکادیمی بگەینە مەبەست و دەرئەنجامەکانی سیاسەتی زلهێزەکانی ئەم جیهانە.

**پرسیاری تۆێژینەوە:**

لە ڕوانگەی جۆن میرشایمەر ئەمریکا بە چ شێوەیەك ڕووبەڕووی فراوانخوازییەکانی چین لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دەبێتەوە؟

**گریمانەی تۆێژینەوە:**

لە دیدگای جۆن میرشایمەر چین پرۆگرامێکی خستۆتە کار، کە پێی دەوترێ پرۆژەی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. چین دەیەوێ ببێ بە هەژموون لەو ناوچەیە، تاوەکوو بگاتە ئامانجی سەرەکی خۆی، کە بریتیە لە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی جیهانی لە ڕێگەی هاوبەشییەوە. بۆ ڕێگری کردن لەم ئامانجەی چین، کە ئەمریکا ناوی ناوە دەوڵەتی گۆڕانخواز (Revisionist State)، پەنا بۆ هاوپەیمانێتی ناوچەیی و هاوکاری و هەماهەنگی دەبات و ڕێگەش نادات، ڕکابەری هاوشێوە لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ڕۆڵ بگێرێ و ئەو سیستەمە لیبرالیە بگۆڕێت، کە ئەمریکا دایمەزراندووە و سەرکردایەتی دەکات.

**میتۆدی تۆێژینەوە:**

ئەم تۆێژینەوەیە فراوانخوازیەکانی چین لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە تێروانین و شیکردنەوەی جۆن میرشایمەر زانای قوتابخانەی نیۆریالیستەکان تاقی دەکاتەوە، هەروەها لە ستراتیژی ئەمریکا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فراوانخوازیەکانی چین وورد دەبێتەوە، ئەوەش بە گەڕانەوە بۆ ڕەفتارەکان و ڕووداوەکانی سەدەی ڕابردوو، تا ساتەوەختی نووسینەوەی ئەم تۆێژینەوەیە و بە خستنەڕووی خوێندەوە بۆ گۆڕاوەکانی ئەم تۆێژینەوەیە لە ڕێگەی شیکردنەوەی زانیارییەکان لەسەر بنەمای میتۆدی جۆریەتی. بۆ سەلماندنی گریمانەکەمان ئەو سەرچاوە ئەکادیمیانەی بەردەست بوون، بەکارهێنراون، بەتایبەتی سەرچاوەکانی وەکو چاوپێکەوتنەکانی خودی جۆن میرشایمەر و بەرهەمەکانی سەبارەت بە فراوانخوازیەکانی چین و ستراتیژی ئەمریکا لە چوارچێوەی تیۆری هێرشبەرانەی قۆتابخانەی نیۆڕیالیستەکان و لە ڕێگەی هەندێ میتۆدی بەراووردکاری و ڕەخنەیی، کە میرشایمەر لەناو تیۆرییەکانی بەکاری هێناوە، مەبەستمانە شیکردنەوەکەمان سەبارەت بە پرسی نێوان ئەمریکا و چین لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیاووردتر بکەین.

**تۆێژینەوەکانی پێشوو :**

پێشوتر لە ڕێگەی نووسینی بابەت و ئەنجامدانی توێژینەوە هەوڵدراوە کێشەی ڕۆژهەلاتی ئاسیا لە دیدی جیاواز و قوتابخانە جیاوازەکانەوە بخرێتە ڕوو، یاخۆد هەندێ لە پسپۆڕانی بوارەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و ئەوانەی بڕیار درووست دەکەن هەوڵیان داوە، لەسەر تیۆری هێرشبەرانەی جۆن میرشایمەر، کە زانایی نیۆریالیستییە و خاوەنی تیۆری ریالیزمی هێرشبەرانەیە، خوێندنەوەی جیاواز بکەن. هەندێ کەس هەوڵی داوە تەنها شیکردنەوە بۆ بەرهەمەکانی بکات، کەسانی تر هەوڵیان داوە بەشێوەی ڕەخنەیی شیکردنەو بۆ تیۆری هێرشبەرانەی جۆن میرشایمەر بکەن، پەیوەست بە بابەتی زیادکردنی هێز و گەیشتن بە هەژموون و دواجار دەوڵەت بتوانێ بگاتە ئاسایش و ئارامی. لێرەدا چەند نموونەیەکمان خستۆتە ڕوو، کە کاریان لەسەر هزرو خوێندنەوەی جۆن میرشایمەر بۆ چین و ئەمریکا کردووە.

گلێن سنایدەر (Glenn H. Snyder) لە بابەتێکدا بە ناوی " Mearsheimer's World Offensive Realism and the Struggle for Security: A Review Essay "، کە لە گۆڤاری ئینترناشنال سیکیۆریتی لە ساڵی ٢٠٠٢ بڵاوبۆتەوە، هەوڵی داوە پەرتۆکەکەی جۆن میرشایمەر، تراژیدیای سیاسەتی زلهیزەکان، بخاتە بەر باس و شیکردنەوە بۆ تیراونینەکانی بکات، ناونیشانی بابەتەکەی بەم شێوەیەیە" جۆن میرشایمەر- ریالیزمی هێرشبەرانە و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئاسایش"، ئەو پێی وایە، میرشایمەر لە بابەتی زیادکردنی هیز و هەژموون زیادەڕۆیی کردووە،کە دەڵێ دواجار هیزە کە ئاسایشی زلهیزەکان زیاد دەکات، سنایدەر پێی وایە میرشایمەر هیچ گرینگیەکی بە هاوکاری و نۆرم و دام ودەزگا نێودەوڵەتییەکان و هەماهەنگی نێوان دەوڵەتەکان نەداوە و جۆرێ لە ڕەشبینی پێوە دیارە، کە لەسەر بنەمای واقعی ئەزموونکراو و لۆژیك بنیات نراوە و بەو شێوەیە شیکردنەوەی بۆ بابەتەکانی خۆی کردووە و گرینگی بە ناوخۆی دەوڵەتەکان نەداوە.(Snyder, 2002: 149-173)

پیتر تۆفت (Peter Toft) ساڵی ٢٠٠٥، لە بابەتی " John J. Mearsheimer: An offensive realist between geopolitics and power" واتا "جۆن میرشایمەر: ریالیستێکی هێرشبەرانەی نێوان جیۆپۆلتیک و هێز" شیکردنەوەی بۆ تیۆری هێرشبەرانەی جۆن میرشایمەر کردووە، کە لەسەر بنەمای ستراکچەری ریالیزمی کێنێت والتز دارێژراوە، گوایە پیکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی ئانارکییە و نامتمانەیی و ترس بوونی هەیە، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی دەوڵەتەکان هەڵسوکەوتیان بەرەو زیادکردنی هێزی ڕێژەییەی خۆیان بەرن، تاوەکوو دواجار ببن بە گەورەترین هێز و لەکۆتاییدا ببن بە خاوەند هەژموون. بۆیە لەم ئارتیکلە بەرهەمەکانی میرشایمەری بە تایبەتی شیکردۆتەوە. تۆفت لەناو ئەم ئارتیکلەیدا ئاماژەی بە شیکردنەوەیەکی ڕەخنەییانەی میرشایمەر کردووە لەسەر بابەتی تێوکلانی جەنگی ڕاستەوخۆی ئەمریکا بۆ سەر عیراق و ئەفغانستان، کە ئەمریکا بەو جەنگە ڕاستەوخۆیانە ناتوانێ تیرۆر لە ناو ببات، بەڵکو پێویست بوو لە ڕێگەی ستراتیژی هاوسەنگی (Offshore Balancing) سیاسەتی کردبا، پیتر تۆفت لەم ئارتیکلە بە بەراووردکردنی ریالیزمی هێرشبەرانەی میرشایمەر و ریالیزمی بەرگری کردنی کێنێت واڵتز، ویستوویە هۆکارەکانی زیادکردنی هێزی دەوڵەتان و خواستیان بۆ بوون بە هەژموون لە ناو گۆرەپانی سیستەمی نێودەوڵەتی بخاتەڕوو، کە بو زیاد کردنی هێز پێویستە و بۆ درووستکرنی هاوپەیمانێتی و جۆگرافیا گرینگی خۆی هەیە و فۆکسی کردۆتەوە سەرە ئەوەی، ئەمریکا پێویستە بیر لە ڕێگری کردن بکاتەوە لە هەستانەوەی چین، کە دواجار دەبێتە مەترسی بۆ سەر مانەوەی ئەمریکا.(Toft, 2005:381-403)

گۆنگ دایشو (Gong Daishu) لە ساڵی ٢٠٢٢ بۆ شیکردنەوەی تیۆری ریالیزمی هێرشبەرانەی میرشایمەر بابەتێکی لەژێر ناونیشانی " Thoughts on Mearsheimer's "Offensive Realism" " واتا، "هزر لە سەر ریالیزمی هیرشبەرانە" کە نوسەریکی چینیە، نووسیوە. دایشو مەبەستییە ڕەخنە لە تیۆری میرشایمەر بگرێ، گوایە میرشایمەر وەکوو کەسێکی ئەمریکی بە شێوەیەکی خودی خۆێندنەوەی بۆ تیۆری خۆی کردووە و جیهانی بە جێگەیەکی تاریك و ناخۆش و ترسناك وەسف کردووە، کە ترس باڵادەستە، نامتمانەیی هەیە، هەرکەس بە دوای هەژموونی خۆی دەگەری، دواجار ئەگەر ئەمریکا ڕێگە لە هەڵسانەوەی چین نەگرێ، دەکرێ ڕەوشی هەرێمی ئاسیا-پاسیفیك بکەوێتە بەر مەترسی، بۆیە میرشایمەر بەم خۆێندنەوەیەی ویستوویەتی لاوازی میکانیزمی نیودەوڵەتی ئاشکرا بکات، کە پێکهاتووە لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و دام ودەزگا نێودەوڵەتییەکان، کە ناتوانن ئەرکی خۆیان جێ بەجێ بکەن، بۆیە پێویستە ئەمریکا خۆی ڕاستەوخۆ دەستێوەردان بکات و ڕێگری بکات. نووسەر لە کۆتاییدا دەیخاتەڕوو، کە میرشایمەر بەم تیۆریە هیرشبەرانەیەی لاوازی نیشان داوە و هاوکاری و هەماهەنگی و تێگەشتن و کەلتوور و زۆر بابەتی تری ڕەچاو نەکردووە، کە دەتوانن ڕۆل بگێڕن لە بەدیهێنانی ئاشتی و سەقامگیری، بۆیە دایشو پێی وایە، چین هیچ هەڕەشەیەك نییە بۆ سەر جیهان و بگرە چین لە ڕێگەی سیاسەتی نەرمی و پەیوەندی دۆستانەی و درووستکردنی هاوکاری و هەماهانگی دەیەوێ کۆمەڵگەیەکی هاوبەش درووست بکات، تیایدا هەموولایەك سودمەند بێت. (Daishu, 2022: 46-58)

یۆناتان کریشنەر (Jonathan Kirshner) ساڵی ٢٠٢٣ بە نووسینی بابەتێ بەناونیشانی" Addressing the China Challenge: Realisms Right and Wrong " واتا" خستنەڕووی ئالنگاریی چین: ڕاست و هەڵەی ریالیزم" هەوڵی داوە لە ڕێگەی بەروادکاری لە نێوان کلاسیک ریالیزم و ریالیزمی هیرشبەرانەی میرشایمەر ڕەخنە لە تیۆری هێرشبەرانەی جۆن میرشایمەر بگرێ. میرشایمەر لە ڕێگەی گریمانەی مانەوە و عقلانیەتەوە دەیەوی ڕوونی بکاتەوە، کە دەوڵەتی زلهێز مەبەستیە بگات بە ئاسایش و دواتر هەژموونی ناوچەیی بەدەست بهێنی، بەڵام لە دیدی ریالیزمی کلاسیکەوە دەوڵەت کاریگەری هەیە لەسەر سیستەمی نێودەوڵەتی و چوون بەرەو هەژموون لەوانەیە کاریگەری ویرانکەرانەی هەبێ و دەبی زیاتر لە ڕێگەی سیاسەتەوە کێشەکان چارەسەر بکرێن، نەوەک لە ڕێگەی هیرشی سەربازییەوە. بۆیە لە ڕوانگەی میرشایمەر بە هەستانەوەی چین دەتوانێ تراژیدیا ڕوو بدات و لە نیوان ئەمریکا و

چین پیکدادان درووست بێت، بەڵام نووسەر دەیەوێ بڵی، ڕێگەی تریش هەیە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ هەستانەوەی چین و یاخۆ هەر هەڕەشەیەکی تر.(Kirshner, Oct 2, 2023)

فلاڤیا لوسێنتی ( Flavia Lucenti) ساڵی ٢٠٢٤ لە بابەتێکی بەناونیشانی " The “ China Threat” : Stereotypical Representations in the U.S. compititionn with China" ، نۆسەر دەیەوی باس لەو ستێریۆ تایپانە بکات،کە لەناو کۆمەڵگەی ئەمریکا بوونیان هەیە. سەبارەت بە دەستەواژەی "هەرەشەی چین" نووسەر سەرەتا لەڕێگەی تێکەڵکردنی دوو شێوە تیۆری، تیۆری بونیادگەرایی (Constructivist) و سۆشیال تیۆری، بەرچاو ڕوونی دەدات، کە بە نۆێنەرایەتی کۆمەڵگە و دواتر باس لە دەستەواژەکانی ( Thucydids’ Trapو New Cold War ) واتا( جەنگی ساردی نوێ و تەڵەی توسیدید) دەکات کە لە ناو جیهای ئاکادێمی و سێکۆلارەکان ئەجیندایەکی دیارە و بە تەواوی جێگر بووە. لە کۆتاییدا، دوای ئەوەی کە ئەم دوو شێوازە دەخاتەڕوو، دێتە سەر ئەم وێنەیەی، کە لە درووستکردنی ستێریۆ تایپی گشتگیر سەبارەت بە هەرەشەی چین ڕەنگی داوەتەوە، وەکوو ئەوەی کە لە ئیدارەی دۆناڵد ترامپ بە ڕاشەکاوانە سەبارەت بە ستراتیژی نیشیمانی و بەرگری باسکراوە. بۆیە نووسەر هەوڵی داوە لەم تۆێژینەوەیە ئاماژە بەوە بکات، کە قبوڵکردنی ئەم جۆرە وینەیە سەبارەت بە چین لە ناو کۆمەڵگەی سیاسی ئاسانە، لەوانەیە نەکرێ ناکۆکی چارەسەر بن، بەڵام دواجار ئەوەی لەسەر بنەمای ناکۆکی و نامتمانەیی، رکابەرایەتی و تۆمەتبارکردن بنیاتنراوە، دەکرێ بە ئاسانی کاڵ بکرێتەوە یان هێور بکرێتەوە، بۆیە نووسەر نایەوێ میتۆدێکی جێگرەوە بۆ هەڵسەنگاندنی پەیوەندییەکانی نیوان چین و ئەمریکا بەکار بهێنێ، بەلکو دەیەوێ سەرنجی خۆینەر بۆ ستێریۆ تایپەکان ببات سەبارەت بە تێگەیشتن لە بینی چین وەکوو هەرەشەیەك. بۆیە لوسێنتی پێی وایە، دەکرێ زانایانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کار بکەن لەسەر دروستکردنی وێنە و خۆیندنەوەیەك، کە دواجار کار بکات بۆ کەمکردنەوەی ناکۆکی و لە ڕێگەی هاوکاری و دیالۆگ بتوانرێ پەیوەندیەکان پەرەیان پێ بدرێ . (Lucenti, Feb 27, 2024)

برایان شمیت (Brian C. Schmidt) ساڵی ٢٠١٣، لە ناو کارنامەیەکی بە ناونیشانی "Classic of Internatinal Relations"، لە بەشێکی بە ناونیشانی " Amodest Reaslis in a Tragic world: John J. Mearsheimer’s Tragedy of Great Power politics" شیکردنەوی بۆ بەرهەمێکی جۆن میرشایمەر بە ناونیشانی "Tragedy of Great power politics) "تراژیدیای سیاسەتەکانی هێزە گەورەکان"، کردووە. شمیت سەرەتا باسی لە تیۆری کلاسیکی ریالیزم کردووە، کە قوتابخانەیەکە تاوەکوو ئێستا کاریگەری هەیە لەسەر پەیوەندییە نیودەوڵەتییەکان. دوتر هەوڵ دەدات خۆیندنەوە بۆ گرینگی تیۆری هێرشبەرانەی"Offensive Realsim جۆن میرشایمەر بکات، کە بە شاخەیەکی گرینگی تیۆری ریالیستەکان دادەنرێ و بۆتە هۆکاری ئەوەی گفتوگۆ و مشتومڕی زۆر لە نێوان ریاڵیستەکان سەر هەڵبدات و بەتایبەتی سەبارەت بە ستراکچڕاڵ ریاڵیستی کێنێت واڵتز ، کە خاوەند تیۆریەکیە بە ناونیشانی تیۆری بەرگریکار ، شمیت دەیەوی پێمان بڵێ، تیۆری جۆن میرشایمەر بەدوای دەرفەت دەگەڕێ بۆ کوکردنەوەوەی هێزی زیاتر دەگەڕێ، و هەوڵ دەدات هەژموون هەبێ، بۆیە ئەرگومێنتەکانی پەرتووکی میرشایمەر کاریکەری لەسەر دیبەیتەکان سەبارەت بە سیاسەتی دەروەی ئەمریکا دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد لە جیهان دروست کرد. میرشایمەر هەوڵی دا، لە ڕێگەی پێشبینی کردن و پێشنیار کردن شیکردنەوە بۆ تیۆری هیرشبەرانەی خۆی بکات. بۆیە نووسەر لێرەدا دەیەوی بڵێ، پەڕتووکی جۆن میرشایمەر سەبارەت بە تراژیدیای سیاسەتەکانی هێزە گەورەکان دەقێکی کلاسیکی پەیوەندییە نێودەڵەتییەکان نیشان دەدات.( Schmidt, 2013)

هەر نووسەرێ لای خۆیەوە هەوڵی داوە شیکردنەوەیەکی زانستی و بەراووردکاری و ڕەخنەیی بۆ تیۆری میرشایمەر بکات، کە ڕەنگە هندێ هاوڕا بن یاخۆد دژ، ئەم جۆرە بیرکردنەوانەی میرشایمر بە ڕەشبینانە وەسف دەکرێن، بۆیە لەم تۆێژینەوەیە هەوڵمان داوە لە ڕێگەی بەرهەمی ڕاستەوخۆی میرشایمەر شیکردنەوە بۆ ستراتیژی ئەمریکا بکەین لە ئەگەری فراوانخوازییەکانی چین لە ڕۆژهەلاتی ئاسیا، کە ئەو ڕاستیەی هەیە لەم ناوچەیە، لە ڕێگای دروستکردنی هاوپێمانیەتی و دامەزراوە هاوبەشەکان لەگەڵ نەیارانی چین لە ناوچەکە بە بوونی هێز و بنکەی زۆری سەربازی ڕووبەڕوو ی پرۆژەکانی چین ببیێ باس بکەین، لەم تۆێژینەوەیە تۆێژەر هەوڵ نادات ڕەخنە لە هزری میرشایمەر بگرێ، بەڵکۆ شیکردنەوە بۆ هۆکارەکانی ئەم هزرەی میرشایمەر دەکات، بە بەکارهێنانی زانیارییەکان سەبارەت بە هەڵسوکەوتی چین و ئەمریکا لە ناوچەکە. تەنها ئەگەر هەر ڕەخنە و بەراووردکاریش بەکارهاتبێ دواجار ڕەنگدانەوەی تیروانینەکانی میرشایمەرە سەبارەت بە سیاسەت و هەڵسوکەوتەکانی ئەمریکا و چین لە ڕۆژهەلاتی ئاسیا.

## ١- چوارچێوەی تیۆری لە دیدگای جۆن میرشایمەر

جۆن میرشایمەر بە هێنانەوەی نموونەی پەیوەست بە سیاسەت و هەڵسوکەوتی دەوڵەتە زلهێزەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەوڵ دەدات پرسی تیۆری ڕیالیزم شی بکاتەوە، تا بیسەلمێنێ، کەوا ئەم تیۆرییە کۆتایی نەهاتووە و زاڵە بەسەر سیستەمی نێودەوڵەتی، ئەوەش لە ڕێگەی شیکردنەوە بۆ سیاسەتەکانی هێز، هەژموونی وەکوو کۆتا ئامانجی زلهێزەکان و خۆپارستنی دەوڵەتەکان لە کاتی سەرهەڵدانی تەنگژەی ئاسایشی.

### ١-١- ڕیالیزم و ستراکچەری نێودەوڵەتی

جۆن میرشایمەر لە بابەتێکی بە ناونیشانی "ڕیالیزم ، جیهانی نوێ، و ئاکادیمی" کە لە ساڵی ٢٠٠٢ بەڵاو بۆتەوە، ئاماژە بە بەکارهێنانی تیۆری ڕیالیزم دەکات، کە ئایا هێشتا ئەم تیۆریە لە ناو بازنەی ئاکادیمی بەکار دەهێنرێ. پاش کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، بۆچوون هەیە، پێی وایە، چیتر هەڕەشە نەماوە و لە ناو سیستەمی نوێی جیهانی پێویست ناکات خۆیندنەوە بکرێت بۆ ڕکابەرایەتی ئاسایشی(Security competition) و هاوسەنگی هیز و جەمسەرگیری. لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، ئیتر دەوڵەتەکان خۆیان بە ئەندامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دادەنێن. یەکێ لە لایەنگرانی ئەم بیرۆکەیە سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، بیڵ کلینتۆن، لە ساڵی ١٩٩٢ ڕاگەیاند، ئەوە ئازادییە، نەوەك ستەمکاری، کە لە سەرووی هەموو شتێکەوە دادەنرێ، ئیتر ناکۆکی و جەنگ بوونی نامێنێ. کلینتۆن پێی وایە، بە خۆیندنەوەی ڕۆشنبیرانە بۆ بەرژەوەندیەکان و بەها هاوبەشەکان لەگەڵ وڵاتان دەکرێ پێناسەی شکۆمەندی بکرێ، دیارە ئەوەش بە ڕێگای بنیاتنەرانە و بە هاوکاری دەبێت .(Clinton, July10,1997).* دواتر فرانسیس فۆکۆیاما* لە پەرتووکەکەی "کۆتایی مێژوو" ئاماژەی بە کۆتایی هاتنی ناکوکیەکان و جەنگ داوە، و لە بری ئەوە بەرەو چالاکی ئابووری هەنگاو دەنێین. (Fukuyama, 1984:3-18) بەڵام میرشایمەر پێی وایە، ڕیالیزم وەکوو پارادایمێکی زاڵ بەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان پەیرەو دەکرێ و هێشتا لە ناو ئەم جیهانە پڕ لە کێبڕکێیەی نێوان زلهێزەکان، کە بە دوای هێز و هەژموون و دەسەڵات دەگەڕێن و لەناو سەدەی بیست ویەکەمیش هەر کاریگەری خۆی هەیە (Mearsheimer, 2002: 23-25)

لە دیدگای میرشایمەر سەرەرای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، دەبینرێ ستراکچەری بنەڕەتی سیستەمی نێودەوڵەتی وەکوو خۆی بێ گۆڕانکاری ماوەتەوە. لەناو سیستەمی نێودەوڵەتی دەوڵەتەکان هێشتا ئەکتەری سەرەکین و لەناو سیستەمێکی ئانارشی بەردەوامن لە کارەکانی خۆیان، بۆیە قورسە بڵێین، نەتەوەیەکگرتووەکان، یاخۆد هەر دامودەزگایەکی تری نێودەوڵەتی، دەتوانێ کاریگەری خێرا دروست بەکات لە سەر زلهێزەکان. لە دوای ساڵی ١٩٩٠ ستراکچەری بنەرەتی سیستەمی نێودەوڵەتی گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە و نابێ چاوەڕوانی ئەو بین، ئەوەی دەوڵەتەکان لە ڕابردوو کردوویانە ئێسا و لە سەدەی نوێ دووبارەی نەکەنەوە. بەڵام بەڵگەی زۆر هەیە لەسەر ئەوەی، دەوڵەتەکان گرینگیەکی زۆر بەهێز دەدەن و لەگەڵ یەکتر دەکەونە کێبڕکێ. بۆیە مەترسی کێبڕکێی ئاسایشی وەکوو خۆی ماوەتەوە و لەوانەیە ئاراستەکەشی بەرەو جەنگ هەنگاو بنێت. ئەم مەترسییانە لەگەڵ نەمانی یەکێتی سۆڤیەت لەناو نەچوون، بەڵکو وەکوو خۆیان ماونەتەوە. میرشایمەر تیۆەکلانی ئەمریکا لە جەنگی کەنداوی ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ عیراق و لە جەنگی ساڵی ١٩٩٩ لە کۆسۆڤۆ بە نموونە دەهێنێتەوە. ئەو دەڵێ، ئەمریکا پارەی زیاتری بۆ پرسی بەرگری و پێنتاگۆن تەرخان کرد، ئەوەش واتا گرینگیدانە بە ئاسایش. بۆیە لە دیدگای میرشایمەرەوە کێبڕکێی ئاسایشی لە جیهان کۆتایی نەهاتووە، ئەو باشووری ئاسیا بە نموونە دەهێنێتەوە، چۆن ململانێ و ناکۆکی لە نێوان هیند وپاکستان پەیوەست بە کشمیر بوونی هەیە. ئەو دوو دەوڵەتە خاوەن چەکی ئەتۆمین. کەنداوی فارس و خواستی ئیران بۆ زیاترکردنی هێزی خۆی لە ناوچەکە بوونی هەیە، لەتەنیشت ئەوەشەوە ئێران مەبەستیە ببێ بە خاوەن چەکی ئەتۆمی، یاخۆد لە کیشوەری ئەفریقا لە نێوان دەوڵەتەکان ناکۆکی و ململانێ بوونیان هەیە. دواتر میرشایمەر باس لە گرینگی باکووری ئاسیا دەکات بۆ ئەمریکا، کە چەندین هێزی گەورە لەو ناوچەیە بوونیان هەیە و لەوانەیە بۆ داهاتوو ببن بە سەرچاوەی کێشە بۆ ئەمریکا. دواجار ئەم کێبڕکێی ئاسایشییە زیاتر لە نێوان دەوڵەتە زلهیزەکان باوە. هەر بۆیە میرشایمەر بە ئاماژە پێدان بەو نموونانە مەبەستیە سیاسەتەکانی هێز بۆ کێبڕکێی ئاسایشی شی بکاتەوە.(Mearsheimer, 2002: 26)

---

*کلینتۆن ئەم قسەیەی لە ١٠ی تەمووزی ساڵی ١٩٩٧ لە کاتی فراوانخوازیەکان ناتۆ باس کردووە کە جۆن میرشایمەر لە نوسینی خۆی ئاماژە بە سەرچاوەکی وتاری کلینتۆن کردووە(Mearsheimer, 2002: 23-25)

*جۆن میرشایمر لە نووسینەکانی خۆی لە بابەتێکی بە ناونیشانی "ڕیالیزم ، جیهانی نوێ، و ئاکادێمی" کە لە ساڵی ٢٠٠٢ بەڵاو بووەتەوە ئاماژە کردووە بە سەرچاوەی سەرەکی فرانسیس فۆکۆیاما. (Mearsheimer, 2002: 23-25)

### ١-٢- سیاسەتەکانی هێز

جۆن میرشایمەر بە ئاماژەدان بە چەند نموونە ڕەوشی سیاسەتەکانی هێز لە ڕێگەی کێبرکێی ئاسایشی لە ئەورۆپا و لە باکووری ئاسیا دەخاتە ڕوو. ئەو دەڵێ، ئەوە هەبوونی هێزی زۆر و بەرژەوەندیەکانی دژ بەیەکە، کە دەبنە مایەی کێبرکێی ئاسایشی. بە هێنانی ناوی چەند ولاتێ لە ڕۆژهەلاتی ئاسیا، کە هێزی ناوچەکەن، بۆ نموونە ژاپۆن و چین و کۆریای باکوور، کە لە وانەیە بەهێزبوونی چین لە ڕووی سەربازی و ئابووری لە چەند دەیەی داهاتوو ببێتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر دراوسێیەکانی و دواتریش بۆ سەر ئەمریکا. لەم ڕووەوە ئەو گریمانەیە باس دەکات، لە ئەنجامی ئەو ڕەوشە چین دەکەوێتە ناو کێبرکێی ئاسایشی لەگەڵ دراوسێیەکانی و تەنانەت لەگەڵ ئەمریکا. بۆیە لە دیدگای میرشایمەر، ئەگەر سیاسەتەکانی هێز کۆتایی پێ هاتبێ، بۆ ئەمریکا بە سەدان هەزار سەربازی خۆی لەو ناوچانە جێگیر کردووە و پاریەکی زۆریشی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە.ئەگەر ئەو ناوچەیە زۆنێکی ئارام بێ، ئەم هەموو هێزە زەبەلاحە لەم ناوچەیە بە چ مەبەستێک جێگر کراوون. ڕەنگە هەندێ لە لیبرالیستەکان، بۆ نموونە جۆزێف نای، باس لە گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانی هیز بکەن بۆ سەردەمی جیۆئیکۆنۆمی. جۆزێف نای پێی وایە، سیستەمی ئابووری نێودەوڵەتی سەرووترە لە سیستەمی سیاسەتەکانی نێودەولەتی، بەڵام دواتر دیسان باس لەوە دەکات، کە هەبوونی هێزی زەبەلاحی ئەمریکا بە مەبەستی پاراستنی سەقامگیری ناوچەکەیە و ڕێگری لە دروستکردنی چەک و هەژموونی ناوچەیی دەکات. بە کورتی، "ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گۆڕاوێکی هەستیارە، کە یەکسانە بە ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا"(هەمان سەرچاوە:٢٧-٢٨)

سەبارەت بە سیاسەتەکانی هێز لە ئەوروپا، میرشایمەر باس لەوە دەکات، کاتێ یەکێتی سۆڤیەت داڕما، ڕوسیا هەوڵی دا گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانی خۆی بکات و بە دوای پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوا دەگەڕا، بۆیە ئەو کاتە بیری لە هیز نەدەکردەوە. بەڵام کاتێ ناتۆ بوو بە بنەمای سەقامگیری لە ڕۆژئاوای ئەوروپا، وەکو دامو و دەزگایەکی ئاسایشی و سەربازی هەوڵی فراوانخوازی دەدا، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کیشوەری ئەوروپا. ئینجا ڕوسیا ناچار بوو خوێندنەویەکی تر بۆ فۆرمی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان بکات. سەرۆکی ڕوسیا ڤلادمیر پوتین لە ١٠ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٠ واژووی لەسەر بەڵگەنامەیەك کرد، تێیدا هاتبوو، فۆرمی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان لە کێبرکی و ئارەزووی ژمارەیەک وڵات پێکهاتووە، کە دەیانەوێ لە ڕێگەی دروستکردنی چەکی کۆمەلکوژ و هێزی سەربازییەوە کاریگەری خۆیان بەسەر سیاسەتەکانی جیهان زیاتر و بەهێزتر بکەن، بۆیە تۆندتۆتیژی هەنگاوێکی سەرەکییە لە ناو پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان"*، میرشایمەر پێی وایە، ئەگەر ئاشتی هەبێ و سیاسەتەکانی هێز و کێبرکێی ئاسایشی نەبێ، ئەی هۆکاری بوونی ناتۆ لە ئەورۆپا چییە، بۆچی لە باکووری ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا هێزی زەبەلاحی ئەمریکی هەیە. ئەگەر بەڕاستی ئەروپا سەنتەری ئاشتی بوایە، دەبوو ناتو هەڵبوەشێتەوە.(Evera, 1990)

میرشایمەر پێی وایە، ئەوانەی دەڵێن ڕیالیزم چیتر بوونی نییە و سەردەمی خوێندنەوەی ئەم قۆتابخانەیە بۆ سیستەمی نێودەوڵەتی و سیاسەتەکانی نێودەوڵەتی بەسەرچووە، بە هەڵەداچوون، لەبەر ئەوەی، تا ئەو کاتەی دەوڵەت بەدوای هێز بگەڕێ و ناکۆکی و کێبرکێی ئاسایشی لە نێوان وڵاتە زلهێزەکان بوونی هەبێ، ناتوانین بڵێین چیتر خوێندنەوە بە ڕیالیزم ناکرێ. کاتێ دەتوانین بڵێین ڕیالیزم ئیتر ماوەبەسەرچووە، ئەگەر گۆڕانکاری بنەڕەتی لەناو سٹراکچەری سیستەمی نێودەوڵەتی ڕوویدات، ئەمەش لە ئێستادا ئەستەمە و دوورە لە ڕاستی. (Mearsheimer, 2002: 31)

### ١-٣- سیستەمی خۆیارمەتی و گەیشتن بە هەژموونی(self-help system)

میرشایمەر لە پەرتووکەکەی خۆیدا، "تراژیدیای سیاسەتەکانی زلهێز"، لە بەشی "ئانارشی و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە هێز" ئاماژە بە پێنج گریمانە دەدات؛ یەکەم، سیستەمی نێودەوڵەتی ئانارشیە، دووەم، هێزە گەورەکان توانای سەربازی زەبەلاحیان هەیە بۆ هەڕەشەکردن، سێیەم، دەوڵەتەکان متمانەیان بە یەکتر نییە، لەوەی هەڵسوکەوتیان چییە، چوارەم، مانەوە ئامانجی سەرەکی زلهێزەکانە، پێنجەم، زلهێزەکان ئەکتەری عەقڵانین. لەم پێنج گریمانەیە میرشایمەر باس لەوە دەکات، هیچ یەك لەم گریمانانە ناتوانن بە ڕەهایی باس لەوە بکەن، هێزە گەورەکان دەتوانن بە توندی ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە، چونکە ئەگەر هەندێ لە دەوڵەتە زلهێزەکان مەبەستی مەترسیداریان هەبێ، ئەوا لە ڕێگەی گریمانەی مانەوە هەوڵ دەدەن، بۆ خۆیان ئامانجێکی بێ زیان بەدەست بهێنن و لە ڕێگەی گریمانەی پێنجەم، دەوڵەت ئەکتەری عەقڵانیە، دەتوانن بە ستراتیژی ژیرانە بیر لە مانەوەی خۆیان بکەن و

*ئەم ووتەیە لە ژێر ناوی " چەمکی ئاسایشی نیشتیمانی ڕوسیا" لە ڕۆژنامەی هەفتانەی ڕووسی بۆ بابەتی سەربازی لە ١٤ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٠ لە برگەی ٣٠ ژمارەی یەک ،لاپەرە ١٥-٢٠ بەڵاو بووە

خوێندنەوە بۆ هەڕەشە دەرەکیەکان بکەن و پرسی مانەوە بۆ هەمووان و لە ڕێگەی بیرکردنەوەی عەقڵانی دەکرێ ترسی نێوانیان کەمتر بێت. لە دەرئەنجامی ئەم هەڵسوکوتەی دەوڵەتەکان میرشایمەر ئاماژەی بە چەند نموونەی گشتی کردووە، یەکەم؛ ترسە ، دووەم، خۆیارمەتییە، سێیەم، زیادکردنی هێزە (Mearsheimer, 1994-1995: 10-12 & Mearsheimer, 2001: 54-55)

هەر لەسەر بنەمای ئەم گریمانانەی مێرشایمەر ئاماژەی پێ داوە، شیکردنەوە بۆ هەڵسوکەوتی دەوڵەت دەکات لە ئاکامی ترس و نامتمانەیی لە سیستەمی خۆیارمەتی، کە هەڵسوکەوتی دەوڵەتەکان دواجار دەکەوێتە چوارچێوەی ترس و ئەم ترس و نامتمانەییە بە دەوڵەتەکانی تر، هەروەها نەبوونی هێزێکی سەرووتر لەناو ئەم سیستەمی نێودەوڵەتییەدا وای کردووە، وڵاتان بۆ مانەوەی خۆیان، چونکە خۆیان بەتەنها دەبینن و ناتوانن پشت بە دەوڵەتەکانی تر ببەستن، لەناو ئەم سیستەمەدا بە پێویستی ببینن، خۆیان هاوکاری خۆیان بن. واتا دەبێ کار بۆ مانەوەی خۆیان بکەن، بۆیە لە ناو سیاسەتی نێودەوڵەتیدا خواوەند یارمەتی دەرەکی ئەو کەسانە دەبێ، کە یارمەتی خۆیان دەدەن. (Mearsheimer, 2013: 79-80) بۆ نموونە دروستکردنی هاوپەمانێتی لەم سیستەمە خۆیارمەتیدەرە، هەرچەندە هاوپەیمانێتی بابەتێکی زۆر مسۆگەر نییە بۆ مانەوەی دەوڵەتەکان، چونکە هاوپەیمانی ئەمڕۆ دەتوانێ ببێ بە دوژمنی سبەینێ و پێچەوانەکەشی ڕاستە، وەکو ئەو هاوپەمانێتییەی لە نێوان ئەمریکا و چین و یەکێتی سوڤیەت لەکاتی جەنگی جیهانی دووەم دژ بە ئەڵمانیای نازی درووست بوو، بەڵام دوای کۆتایی هاتن بە جەنگ ستراتیژییەکانی هاوپەیمانەکان گۆڕانکاری بەسەردا هات، چونکە بەرژەوەندی دەوڵەتەکان لە سەرووی بەرژەوەندیە گشتییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە. هەر وەك چۆن بینیمان دواتر ئەڵمانیا و ژاپۆن بوون بە هاوپەیمانی ئەمریکا لە سەردەمی جەنگی سارد دژ بە یەکێتی سوڤیەت. بۆیە لە ئاکامی ترس، دەوڵەتەکان لەسەر بنەمای سیستەمی خۆیارمەتی لەناو سترِاکچەری نێودەوڵەتیدا ڕۆڵ دەگێرن و بۆ ئەم مەبەستەش چەند بتوانن هێزی خۆیان زیاتر دەکەن تاوەکوو ببنە باڵادەست و خاوەن هەژموونی بەهێز. دەوڵەتانی لاواز ناتوانن ببنە مایەی هەڕەشە، یان هێرش بکەنە سەر وڵاتە زلهێزەکانی خاوەن توانای هێزی لەڕادەبەدەر. هەروەك چۆن کەنەدا و مەکسیك ناتوانن ببن بە مایەی هەڕەشە بۆ سەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بۆیە بیرۆکەی هەژموونی وەکوو ئایدیایەک لە ناو سیستەمی نیودەوڵەتیدا گرینگی خۆی هەیە. میرشایمەر لە پەرتووکی خۆیدا بە ئاماژەکردن بە ووتەی ئیمانۆیل کانت دەیەوێ گرینگی بۆ هەبوونی هەژموون دروست بکات، گوایە کانت پێی وایە " ئارەزووی هەر دەوڵەتێکە، یاخۆد هەر حۆکمرانێکە، لە رێگای داگیرکردنی تەواوی جیهان ئاشتی بەدی بهێنێ، ئەگەر ئەمە ئیمکانی هەبێ". بۆیە میرشایمەر لەم نووسینەی دەڵێ، ئەگەر دەوڵەتێ بتوانێ هەژموونی جیهانی هەبێ، دەتوانێ ئانارشی بن بڕ بکات، چونکە سیستەمی دەبێتە هیرارکی و دەسەڵاتێکی سەرووتر بوونی دەبێ بۆ کۆنترۆڵکردنی جیهان، ئەو کات مانەوە دەبێتە گەورەترین گەرەنتی. (Mearsheimer, 2001: 56)

لەسەر بنەمای ئەم شیکردنەوەی میرشایمەر، دەوڵەتەکان ئاگاداری هەبوونی دابەشبوونی هێزن لە نێوان دەوڵەتەکان، بۆیە دەوڵەتەکان بە بەردەوامی لە کێبڕکێدان، تاوەکوو بتوانن پشکی خۆیان لە هێز زیاتر بکەن لە سەرتاسەری جیهان. دەوڵەتەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی دیپلۆماسی، سەربازی و ئابووری هەوڵی گۆڕینی هاوسەنگی هێز دەدەن لە پێناو بەرژەوندی خۆیان، تا باڵادەستی بەدەست بهێنن و ببن بە خاوەن هەژموون لە جیهاندا. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە دەوڵەتەکان لەسەر بنەمای سیاسەتی سفر بەرامبەر هیچ هەڵسوکەوت دەکەن، واتا سەرکەوتنی لایەنێ بەسەر لایەنێکی تر. سەرکەوتن بەڕامبەر بە دوڕاندنی لایەنی تر و زیادکردنی هێزی ڕێژەیی دەوڵەت دەکرێ ئاراستەی خۆی بەرەو هەڵسوکەوتێکی هێرشبەرانە بگۆڕی بەرامبەر بە دەوڵەتەکانی تر، چونکە ئامانجی کۆتایی دەوڵەت مانەوەیە لە رێگای بەدەست هێنانی هێز و سەرکەوتن بەسەر ئەوانی تر. بۆیە دواتر خواست و مەبەستی دەوڵەتەکان دەکرێ بچێتە ناو چوارچێوەیەکی دوژمنکارانە بەرامبەر ئەوانی تر.

لە دیدی میرشایمەر، گەڕان بەدوای هێز کاتی کۆتایی دێ، ئەگەر هەژموون بە تەواوی بەدەست بهێنرێ. (هەمان سەرچاوە: ٥٥-٥٦) هەرچەندە کێنس والتز لەگەڵ زیادکردنی هێز و هەژموون نییە. ئەو پێی وایە کۆنترۆڵکردنی ئەو ڕێژە هێزەی، کە ئێستا هەیە، خۆی لە خۆیدا دەتوانێ لە ڕێگەی هاوسەنگی هێز سەقامگیری و بەهێزی دەوڵەتەکان دیاری بکات. جۆن میرشایمەر لە پەرتووکی "تراژیدیای سیاسەتەکانی زلهێز"، لە بەشی "ستراتیژیەکان بۆ مانەوە"، ئاماژەی بە چوار ئامانج کردووە لەوەی زلهێزەکان بەدوای دەگەڕێن، یەکەم ، ببن بە تاکە هەژموونی هەرێمی لە سەر ئاستی جیهان، دووەم، بتوانن کۆنترۆڵی ڕێژەیەکی زۆری سامانی جیهانی بکەن، سێیەم، هاوسەنگی هێزی زەوی لە ناوچەی خۆیان داگیر بکەن و دەسەڵاتیان بە سەردا هەبێ، و چوارەم، هەبوونی باڵادەستی لە چەکی ئەتۆمی (Mearsheimer, 2001: 147)

### ٤-١- تەنگژەی ئاسایشی و ڕەوشی بگۆڕ

تەنگەژەی ئاسایشی چەمکێکی ناسراوە لەناو ئەدەبیاتی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و لەناو ڕیالیزمی هێرشبەرانە بە لۆژیکی بنەرەتی ئەم هزرە ناسراوە. کرۆکی ئەم تەنگژەیە بریتییە لەوەی، دەوڵەتەکان ئاسایشی خۆیان لەسەر بنەمای هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی دەوڵەتەکانی تر زیاددەکەن و مانەوەی دەوڵەتێ مەحاڵ دەبێ، بێ مسۆگەرکردنی کەمکردنەوەی ئاسایشی دەوڵەتێکی تر. میرشایمەر باس لەوە دەکات، کە یەکەم کەس لە ساڵی ١٩٥٠ باسی تەنگژەی ئاسایشی کردبێ جۆن هێرتس (John H. Herz) بووە، کە لە گۆڤاری وۆڕلد پۆلیتیک ئاماژەی بەوە کردووە، دەوڵەتەکان بۆ بەدەست هێنانی ئاسایش بە دوای کۆکردنەوەی بکەون، بۆ ئەوەی لەدەست کاریگەری و هەڕەشەی هێزەکانی تر بپارێزرێن. ئەمەش وا لە ئەوانی تر دەکات، هەست بە نائاسایشی بکەن و ناچار بن خۆیان بۆ خراپترین سیناریۆ ئامادەبکەن. بۆیە لەناو ئەم شێوە جیهانەی، کە بەردەوام لە کێبرکێی هێزدایە، هیچ یەک لەم ئەکتەرانە هەست بە ئاسایش ناکەن و بە بەردەوامی لەناو بازنەی ئاسایشی و کۆکردنەوەی هێز دەخولێنەوە.(Herz, 1954: 231)

میرشایمەر لە دەرئەنجامی ئەو شیکردنەوەی هێرتس دەگاتە ئەو ئەنجامە، کە باشترین ڕێگەی دەوڵەت بۆ مانەوەی لەناو ئانارشی ئەوەیە، کە لە سەر حسابی ئەوانی تر سوود بەدەست بهێنێ، واتا "باشترین بەرگری باشترین هێرشە". بۆ ئەمەش ئاسایشی کێبرکێ سەرهەڵدەدات. بۆیە ئەم هێزەی دەوڵەتەکان بەدوای دەگەڕێن هێزێکی ڕێژەییە نەوەک هێزێکی ڕەها. ئەو دەوڵەتانەی هێزی ڕێژەیی خۆیان زیاد دەکەن، فۆکس دەخەنە سەر دابەشکردنی توانا مادییەکان. دەوڵەتەکان مەبەستیانە هێزێکی فراوان بەدەست بهێن، کە باڵاتر بێت لە هێزی بەرامبەر، چونکە هێز باشترین ئامرازە بۆ مانەوە لە جیهانێکی پڕ لە مەترسیدا. لەبەر ئەمەیە پێی دەڵێن هێزی ڕێژەیی، چونکە ئەوەی هێزی خۆی زیاد دەکات، گرینگی بەوەش دەدات، بزانێ، ئەوانی تر تا چەند بە دوای هێزن، بۆیە دەیەوێ هێزی خۆی لەوانی تر زیاتر بکات. بەڵام ئەوانەی بەدوای هێزی ڕەهان تەنها گرینگی بە قەبارەی هێزی خۆیان دەدەن، کە بەدەستیان هێناوە، بۆیە قەباری هێزی ئەوانی تریان لا گرینگ نییە. ئەوان بە لۆژیکی هاوسەنگی هیز ناجوڵێنەوە، لە بری ئەوە تەنها گرینگی بە زیادکردنی هێزی خۆیان دەدەن، بێ ئەوەی گرینگی بەو ڕێژە هێزە بدەن، کە لەلایەن دەوڵەتانی تر کۆنترۆڵ دەکرێ. ئەوان لەسەر ئەو دەرفەتەی، کە بۆیان دەڕەخسێ بۆ دەستکەوتی زیاتر، تەنانەت ئەگەر ڕکابەرێك دەستکەوتی زیاتریش بەدەست بهێنێ لە مامەڵەیکدا گرینگی پێ نادەن. بە پێی ئەم لۆژیکە، هێز ئامرازێکی کۆتایی نییە بۆ مانەوە، بەڵکوو گەیشتن بە هیز خۆی لە خۆیدا کۆتاییە. (Mearsheimer, 2001: 36)

زلهێزەکان لە ناو ڕیالیزمی هێرشبەرانە بەدوای ئاساییش دەگەڕێن، ئەمەش وا دەکات ئاسایش بەرەو هەڕەشەکردن بڕوات بۆ سەر ئەوانی تر. لەناو تەنگژەی ئاسایشی میرشایمەر ڕەوشێکی نەگۆڕ و ستاتۆس-کۆ نییە، کە دەوڵەتەکان تەنها لە پێناو بە دیهێنانی ئاسایش لە چوارچێوەی ڕکابەرایەتیکردن ئەو ڕەوشە و ئەو هێزە هەنۆکەییانە بپارێزن، ئەوەی پێی دەڵێن ستاتۆس-کۆ، بەڵام لەناو تیۆری میرشایمەر ڕەوشی هەنۆکەیی (نەگۆڕ یاخۆد ستاتۆس-کۆ statu que ) بوونی نییە، کە دەوڵەتەکان پارێزەری بن، بۆیە ئەو زلهێزانە بە ڕڤیژینیست (هێزی گۆڕانخواز) ناو دەبات، واتا ئەو دەوڵەتانەی حەز بە گۆڕانکاری دەکەن و لە هەموو کاتێکدا " ئامادەن بۆ تاوان"(Mearsheimer, 2001:3 & Snyder, 2002: 155-156)

ئاسایش لە دیدی ڕیالیزمی هێرشبەرانە بەرەو فراوانخوازیی لەسەر زەوی دەڕوات، واتا داگیرکردنی شوێنێ، کە هی ئەوانی ترە، واتا چ لە رێگەی بەکارهێنانی چەک بێ، یان لەڕێگەی پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بێ. فراوانخوازییەکانی هەر دەوڵەتێ ئامانجێکی کۆتایی هەیە، ئەویش بەدیهێنانی ئاسایشی خۆیە. بەڵام سنایدەر، کە خوێندنەوەی بۆ ڕیالیزمی هێرشبەرانەی میرشایمەر کردووە، جیهانی ئێستا بە ڕکابەرێتی کردن لە پێناو ئاسایش ناو دەبات، نەوەک جیهانێ، کە تەنگژەی ئاسایشی هەبێ.(Snyder, 2002:156)

### ٢. سیاسەتی چین لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا

دەوڵەتی کۆماری میللی چین، کە لە ساڵی ١٩٤٩ لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی ناوخۆیی نێوان حزبی کۆمینتانگ و حزبی کۆمۆنیستی چین دامەزرا. یەکەم دامەزرێنەری ئەو کۆمارە ماوتسی تونگ بوو کە بە پێی "تایبەتمەندییەکانی چین " پەرەی بە جۆرێ لە سیستەمی سوسیالیستی و ئابووری وڵاتەکەی داوە . (Marquis, 2022: 343) لەو سەردەمەوە تاوەکوو ساڵی ٢٠١٧ زۆربەی سیاسەتەکانی دەرەوەی چین لە سەر ڕێچکەیەکی دیاریکراو ڕۆیشتووە، واتە لە سەردەمی ماوتسی تۆنگەوە بگرە تا دەگاتە سەردەمی ئێستای شی جی پینگ، لە ژێر دروشمی ریفۆرم و کرانەوە بووە، واتە خۆ بەدوورگرتن لە سەرنج ڕاکێشان (Low Profile) و هێزی

نەرم (Soft Power) لە ڕێی ئابووری سیاسەتەکان پەیڕەو کراوە. دواتر کۆتایی بە سەردەمی ریفۆرم دەهێنرێ و لە لایەن شی جی پینگ لە ساڵی ٢٠١٧ کرانەوە ڕادەگەینرێ، بەوەش گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی چین کرا.

### ٢-١- کۆتایی سەردەمی ڕیفۆرم و کرانەوە

لە قۆناغی سەردەمی ڕیفۆرم و کرانەوەی سەرۆکەکانی پێش شی جی پینگ، جیانگ زیمین و هۆ جین تاو ( Jian Zemin , Hu Jintao)، باس لە خۆ بە دوورگرتن لە سەرنج ڕاکێشان "Keep a Low Profile" دەکەن، ئەمە دروشمی ئەوان بوو لە سەر بنەمای ئابووری و پەرەسەندنی ئابووری. بەڵام لە سەردەمی جیانگ زیمین تەنها باس لە پەرسەندنی ئابووری دەکرێ و هێز ئەولەویت نادات بە سەروەری و پرسی ئاسایشی، دواتر هۆ جین تاو پرسی سەروەری و ئاسایشی نیشتمانی دەهێنێتە ناو ئەم دروشمە.

کۆتایی هێنان بە سەردەمی ڕیفۆرم و کرانەوەی سەرۆکەکانی پێشوو لەلایەن شی جی پینگ دەبێتە مایەی سەرەتایەکی نوێ بۆ سیاسەتی دەرەوەی چین، شی جی پینگ دەستپێشخەری بۆ ئەم بابەتە دەکات، بە تایبەتی لە ساڵی ٢٠١٧ لە نۆزدەیەم کۆنگرەی نیشتمانی حزبەکەی ئاماژەی بە پەرینەوە لە خۆ بە دوورگرتن لە سەرنج ڕاکێشان (Low Profile) بۆ دابینکردنی ژیانی جوانتر و باشتر کردووە، ئیتر دروشمی سەرۆکەکانی پێشوو باس ناکرێ. Keep a Low Profile گۆڕا بە"More Beautiful and Better Lives"، واتا چیتر ڕازی نین بەوەی، کە هەیە و دەبێ کار بو بەرەوپێش چوونی زیاتر بکرێ. هەروەها شی جی پینگ ئامانجی دروستکردنی دەوڵەتێکی گەورەی سۆشیالیستیە تا ساڵی٢٠٥٠، ئەو ئامانجەش بە دوو قۆناغ هەنگاوی بۆ دەنرێ:

یەکەم، لە ساڵی ٢٠٢٠ بۆ ٢٠٣٥ گەیشتنە بە دەوڵەتی سوشیالیستی مۆدێرن، لەگەڵ تایبەتمەندی چینی و چین لەو بڕوایە دانییە لەم قۆناغە بگاتە ڕەوشی دەوڵەتی گەورە. دووەم: لەم قۆناغە کە ١٥ ساڵی تری پێویستە لە نێوان ساڵانی ٢٠٣٥ و ٢٠٥٠ چین لەو بڕوایە دایە، وەکوو دەوڵەتێکی گەورە هەستانەوە بەخۆیەوە ببینێ، تا بتوانێ" خەونی گەورەی خەڵکی چین " بەدی بهێنێ.( Kawashima, 2018:55)

### ٢-٢- تیۆری ستایلی چین لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان

لە سیاسەتی دەرەوەی چین و لەسەر ئاستی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان چین لەسەر بنەمای هاوپیمانێتی(alliances) دروستکردن ڕۆڵ ناگێرێ، بەڵام چین ئامانجی ئەوەیە، لە پەیوەندییەکانی لە سەر بنەمای ئابووری بگاتە براوە – براوە، ئەمەش ڕێگەخۆشکەر دەبێ بۆ دامەزراندنی هاوبەشی. دواتر لە کۆتاییدا چین پێشبینی دەکات، تۆڕێکی هاوکاری لە ئاکامی دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی گلۆبالی سەرهەڵبدات. بۆیە چین لە ڕێگەی ئەم سەرچاوە هەستیارەی ئابووری دەگاتە فەزای سیاسی و دیپلۆماسی. دیپلۆماسیەتی چین بە تایبەتمەندی چینی، بە واتای ئەوە دێت کە زیاتر پشت بە هێزی ئابووری دەبەستێ نەوەک درووستکردنی هاوپەیمانێتی. چین کار لەسەر دەوڵەتەکانی لە حاڵەتی پەرەسەندن دەکات و ڕۆڵی سەرکردایەتی دەگێرێ بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەی گلۆبالی، تیایدا هەموویان چارەنوسێکی هاوبەشیان هەبێ بۆ مرۆڤایەتی. ئەمەش لە بەرنامەی چین دایە بۆ ساڵی ٢٠٥٠. واتا چین لەسەر بنەمای ئەو پێنج پرەنسیپانەی، کە ماوتسی تونگ باسی کردووە بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و پرەنسیپی پشت بەخۆبەستن، کە دژی پرەنسیپی هاوپێمانیەتیە، و هەوڵ دەدەن بیر لە ڕێزی دوولایەنە بگرن بۆ بابەتی سەروەری و سەربەخۆی دەوڵەتەکان. دەکرێ ئەم ناسنامەیەی خودی چین گۆڕا بێ بۆ دروستکردنی فۆرمی نوێی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان. وەکوو ڕوحی نوێ بۆ ناو پرەنسیپەکانی درێژخایەنی چینی، کە لە دروشمی خۆ بە دوورگرتن لەسەرنج ڕاکێشان (Low Profile) واز بێنن (Kawashima, 2018:56-57)

هەرچەندە دیپلۆماسیەتی شی جی پینگ بەوە پێناسە دەکرێ، کە دیپلۆماسیەتی گورگی جەنگاوەر (Wolf Warrior Diplomacy) پەیرەو دەکات، بەهۆی ئەو خواستە سیاسیە و سیاسەتی دەرەوەی کە باس لە دیپلۆماسیەتی دەوڵەتی گەورە دەکات "Major Country Diplomacy"، کە لە ساڵی ٢٠١٧ لەلایەن شی جی پینگ سەری هەڵدا. دەکرێ ئەم جۆرە دیپلۆماسیەتە چالاکبوونی چین لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی نیشان بدات، بەتایبەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆژئاوا لە ژێر چوارچێوەی ئایدۆلۆژی تایبەت بە خۆیان. ( Everington, 2020) لە لایەکی ترەوە لە ڕێگەی دەستپێشخەری فرەلایەنە لە ناو سیاسەتی دەرەوەی خۆیان پەیرەو دەکەن وەکو لووتکەی ڕێکخراوەی شەنگهای(Summit of Shanghai Cooperation Organization (SCO)) ، کە لە ٩ی حوزێرانی ساڵی ٢٠١٨ لە لە پارێزگای شینداو(Qingdao) دەستی پێ کرد. یاخۆد سەکۆی هاوکاری چینی و ئەفریقی China-Africa Cooperation (Forum(FOCAC)) (Pedroletti, 2018)

### ٢-٣- دەستپێشخەری پشتێنە و ڕێگا (BRI)


شی جی پینگ یەکەم جار لە لوتکەی ئەنجومەنی نەتەوەکانی باشور و ڕۆژهەلاتی ئاسیا لە ساڵی ٢٠١٣ دەستپێشخەریەکی کرد(Association South East Asian Nations (ASEAN))، ئەو کاتە ناوی یەک پشتینە و یەک ڕێگا بوو( One Belt and One Road(OBOR)) ، بەڵام دواتر لە ٢٨ ئایاری ٢٠١٥ ناوەکە بۆ دەستپێشخەری پشتینە و ڕێگا گۆڕا ((Belt and Road Initiative (BRI). ئەو پرۆژەیە دەوڵەتەکانی ئاسیا، ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا، ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگرێتەوە. واتا ٧١ دەوڵەتی جیهان دەگرێتەوە، کە دوو لە سەر سێی خەڵکی جیهان لەخۆ دەگرێ.(AEPF, 2019)

ئەو ناوچانەی، کە ئەم پرۆژەیە لە خۆ دەگریت بریتیە لە:

1- ووشکانی، پێی دەوترێ پشتێنەی ئابووری جاددەی ئاوریشم (Silk Road Economic Belt)، کە لە شەش کۆریدۆر (ڕێڕەو) پێکهاتووە.

2- جاددەی ئاوریشمی ئاوی سەدەی بیست و یەك٢١(The 21st Century Maritime Silk Road )

3- ڕێرەوەی ئاوریشمی جەمسەری(The Polar Silk)




**وینەی ١: ڕێرەوە کانی پرۆژەی پشتینەو ڕێگای ئەوریشم**

### سیاسەتی چین بۆ ئارکتیك

لە ٢٦ کانۆنی دووەمی ساڵی ٢٠١٨ ئۆفیسی ئەنجومەنی زانیاری دەوڵەت لە کۆماری میللی چین بڵاوی کردەوە، کە لاپەڕەیەکی سپی بەناوی سیاسەتی چین بۆ ئارکتیك* پەیرەو دەکەن، ئەمە واتا لە کاروباری ئارکتیک بەشدار دەبن. واتا ستراتیژیەکە بۆ پەرەپێدانی

*ئارکتیک یاخۆد جەمسەری باکووری زەوی، کە چین خۆی نزیک بەمر جەمسەرە دادەنی و لە پلانی دایە، پەرە بەو ڕێگایە بدات، کە چین پێی وایە ئەم هەرێمە لە بارۆدۆخی دایە، پێویستی بە وڵامدانەوەیە، تاوەکوو لەو ڕێگایەوە لە داهاتو خزمەت بە مرۆڤایەتەی بکات. ئەم ڕێگایە دەتوانێ پەیوەندی درووست بکات لە نێوان چین و ئەوروپا، لە ڕێگەی ئەوریشمی پۆلار. (the maritime executive: 28 Jan,2018)

ڕێگای ئاوریشمی پۆلار لە ژێر سیاسەتی دەستپێشخەری پشتێنەو ڕێگا (BRI). بەگشتی لە دیدی چین ئەم پرۆژەیە، هەموو ئەو ڕێگایانە لەخۆدەگریت، کە بەسەر ئاو و ووشکانی و پۆلار دەڕوات. واتا پێکەوەلکاندنی هەموو هەرێمەکانە، لە ژێر پرۆژەی دەستپێشخەری پشتێنە و ڕێگا. ئەنجامدانی ئەم پرۆژەیە بە بڕی ٤ تا ٨ تریلیۆن دۆلار تێچوو خەمڵێنراوە. (Sharma,Oct 25, 2021) هەرچەندە خودی چین ناکەوێتە ناو ناوچەی ئارکتیك، بەڵام چین خۆی بە نزیک لەم بەشەی زەوی دادنێ(Near- Arctic State). ئەنجوومەنی ئارکتیک، کە لە ساڵی ١٩٩٦ دامەزراوە لە هەشت دەوڵەت پێکهاتووە، کەنەدا، دانیمارک، فینلاند، ئیسلاند، نەرویج، ڕوسیا، سوید و ئەمریکا. بەڵام چین دەیەوی لەڕێگەی لاپەڕەی سپی، ستراتیژێکی تر بە بەیانووی ژینگە و ڕێگەی بازرگانی لەم ناوچەیە کار بکات، هەرچەندە هیچ سەروەریەکی بەسەر ئەم بەشەی جیهان نییە، مەبەستیە تەنها بە تۆیژەینەوی زانستی ڕانەوەستێ، بەڵکۆ بچێتە ناو چوارچێوەی بەڕێوەبردنی ئارکتیك، یا خۆد جەمسەری باکوور.(Grieger: May 2018 )

## ٣. ستراتیژی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا

دوای جەنگی جیهانی دووەم هەژموونی ئەمریکا لە جیهان زیادی کرد. ئەمریکا ئەو بۆشاییەی پڕکردەوە، کە وڵاتانی ئەوروپا جێیان هێشتبوو. ئەمریکا بەرەو سەرکردایەتی کردنی جیهان هەنگاوی نا، یەکێ لە کارەکانی دامەزراندنی سیستەمێکی نوێ لیبڕالی بوو بۆ جیهان، بەڵام دابەشبوونی جیهان بەسەر دوو جەمسەر، جەمسەری ڕۆژئاوایی بە سەرکردایەتی ئەمریکا و جەمسەری ڕۆژهەڵاتی بە سەرکردایەتی یەکێتی سوڤیەت، کاریگەری لەسەر ستراتیژی ئەمریکا لە پەرپێدانی تواناکانی لە سەرتاسەری جیهان درووستکرد، بەتایبەتی لەو ناوچانەی، کە هەستیان بە مەترسی دەکرد لە یەکێتی سۆڤیەت. بۆیە ئەمریکا هەوڵی دا، لە ڕێگەی ستراتیژی تێوەکلاندنی نەیارانی بۆ ناو ئەو سیستەمەی، کە خۆی سەرکردایەتی دەکرد، تاوەکوو بتوانێ بەرپەچی فراوانخوازیەکانی یەکێتی سوڤیەت بداتەوە. یەکێ لەو پلانانەی بریتی بوو لە ڕاکێشانی چین بۆ ناو ئەم سیستەمەی، کە خۆی دایمەزراندبوو.

بۆیە ڕۆژهەلاتی ئاسیا و دەورووبەری چین بوون بە ناوچەیەکی گرینگی جیۆپۆلیتیکی و جیۆستراتیژی بو ئەمریکا، کە لەو سەردەمەوە تاوەکوو ساتی نووسینی ئەم تۆێژینەوەیە، ڕۆلی تێدا دەگێڕێ. کاتێ یەکێتی سۆڤیەت ڕووخا، ئیتر سیستەمێکی تری نۆیی جیهانی بە سەرکردایەتی تاکجەمسەری ئەمریکا باڵی بەسەر جیهان کێشا، دواتر ئەمریکا بە پەرپێدانی هەژموونی خۆی و هێشتنەوەی هاوسەنگی لە تەواوی ئەو ناوچانەی بەرژەوەندییەکانی تێدا هەبوو، کاری کردووە و ڕێگر بووە لە هەبوونی هەژموونی تری جیهانی.

### ٣-١- ئامانجەکانی ویلآتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەرێمی پاسیفیک- لە ڕۆژهەلاتی ئاسیا دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد و هەبوونی هێزی سەربازی ئەمریکا لە ڕۆژهەلاتی ئاسیا و باشووری دەریای چین، هەندێ پرسیار هاتە ئاراوە، ئایا ئامانجەکانی هەبوونی ئەمریکا لەم ناوچانە چییە، بەتایبەتی لە هەرێمی پاسیفیکی ڕۆژهەلاتی ئاسیا؟ یەکێ لەو ئامانجانە، لە دیدی ئەمریکا، بەهێزکردنی سەقامگیری سیاسییە لەو ناوچە سەوزە، بەو هۆکارەش گەیشتنە بە بازاڕەکانی ئەو ناوچەییە. مسۆگەرکردنی ئازادی دەریاوانی یەکێکی ترە لە ئامانجەکانی ئەمریکا لەو ناوچەیە. هۆکارێکی تر، کە زۆر گرینگە، ڕێگریکردنە لە سەرهەڵدانی هەژموونی ناوچەیی، تاوەکوو هەژموونی ناوچەیی نەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ئەمریکا. بۆیە پرۆژەی هێزی درێژخایەنی ئەمریکا سەرەتا لە ڕێگەی ئابووریەوە باس کراوە، بەڵام لەم ڕێگەیەشەوە ئەمریکا مەبستی بووە، بگات بە ستراتیژی درێژخایەنی ئاسایشی لە ناوچەکە. بۆیە ئەمریکا هێزەکانی خۆی لەو ناوچەیە جێگیرکردووە. (Binnendijk,1996: 2)

لەناو ستراتیژی ئەمریکا ئەوەی دەبێتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و خوێندەوەی بۆ کراوە، فراوانخوازیەکانی کۆماری میللی چینە. هەستانەوی چین و فراوانخوازیەکانی چین ئالنگاری گەورەی بۆ ئەمریکا درووستکردووە. لەبەر ئەوەی، یەکەم، چین هەر ١٠ ساڵ جارێ داهاتی ساڵانەی دوو ئەوەندە زیاد دەکات، ئەمەش هۆکارە بۆ دروستکردنی هێزی سەربازی گەورە. بۆیە لە دیدی ئەمریکا ئەم گۆڕانکارییە ژینگەی ئاسایشی ناوچەکە دەگۆڕێ. دووەم، سیاسەتی چینە سەبارەت بە تایوان و دەریای باشووری چین، چونکە چین مەبەستێتی کار بۆ یەکگرتنەوە بکات لەگەڵ تایوان، بەڵام چین بوونی ئەمریکا و هێزەکانی لە ناوچەکە و بەستنی هاوپێمانەیەتی ئەمریکا لەگەڵ کۆریای باشوور و ژاپۆن بە هەڕەشە، یاخۆد بە بەربەست دەبینێ. سێیەم، لەڕووی مێژووییەوە چین بەردەوامە لەسەر سەروەریی نەتەوەیی خۆیی، بابەتی مافەکانی مرۆڤ، مافی خاوەنداریەتی زانیاری و فرۆشتنی چەک بە ناوچەکە

بە شێوەیەك لە ئالنگاری بەرامبەر بە خۆی دەبینن. چین بە بەردەوامی گومانی لە ستراتیژی ئەمریکا هەیە، بەتایبەتی لە پرسی تایوان، کە ئەگەر سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت، چین هێرشی بۆ دەبات. لەلایەکی ترەوە بێگە لە چین دوڕگەی کۆریا هەیە، بابەتی یەکگرتنەوەیان، بەڵام ئەگەر کۆریای باکوور هێرش بکاتە سەر کوریای باشور، دەکرێ ناسەقامگیری درووست بێت، بۆیە ئەمریکا بە بوونی لەو ناوچەیە دەیەوێ ڕێگری لە سەرهەڵدانی هەرجۆرە ئالۆزی یاخۆد جەنگێك بکات. هەر بۆ ئەو مەبەستە لە نێوان ژاپۆن و ئەمریکا هاوکاری سەربازی بوونی هەیە، هەروەها لە سەر بابەتی کۆریای باشوور و تایوان، هەبوونی هێزی ئەمریکا لە ناوچەکە و هەبوونی هاوپەیمانێتی لە دیدی ئەمریکا بە پێویست دەزانرێ، چۆنکە ئەمریکا لە فراوانخوازیەکانی چین نیگەرانە(هەمان سەرچاوە، ل. ٣)

### ٣-٢- ستراتیژی ئەمریکا لە هیندۆ-پاسیفیک

زیاتر لە نێوەی خەڵکی جیهان لە هیندو-پاسیفیک نیشتەجێیە، ئەم ناوچەیە دوو لەسەر سێی ئابووری جیهان پێکدەهێنێ و حەوتەمر گەورەترین هێزی سەربازی جیهانی هەیە. لەمر ناوچەیە نزیکەی ٣ ملیۆن هەلی کار بۆ ئەمریکیەکان دەستەبەر بووە. سەرچاوەیەکە، بە گۆژمەی ٩٠٠ ملیار دۆلار سەرمایەی دەرەکی هێناوەتە ناو ئەمریکا. ئەو ناوچەیە دوو لەسەر سێی گەشەی جیهانی لەخۆگرتووە. ڕاستە ئەمر ناوچەیە لە ڕووی ئابووری و بازرگانی گرینگیەکی زۆری بۆ ئەمریکا هەیە، بەڵام ئەمریکا دوای جەنگی سارد پێی باش بوو، سەربازەکانی لەمر ناوچەییە نەکشێنێتەوە، لەبەر ئەوە مەبەستی بوو لە ڕووی ئابووری، بازرگانی و سەربازییەوە دڵنیا بێ. یەکێك لە هۆکارە گرینگەکانی تر، کە وای لە ئەمریکا کردووە فۆکس بخاتە سەر ئەمر ناوچەیە، فراوانخوازیەکانی کۆماری میللی چینە، کە لە ڕووی ئابووری، دیپلۆماسی، سەربازی و هێزی تەکنەلۆژیاوە دەیەوێ مەودای هەژموونی خۆی فراوانتر بکات و دواتر ببێ بە هێزێکی لە ڕادەبەدەر و کاریگەری لە تەواوەی جیهان.(Li, Chris, March 1, 2023)

ستراتیژی ئەمریکا لە دوورگەکانی پاسیفیک بریتیە لەوەی، ئەمریکا لەگەڵ وڵاتانی ئەمر دۆڕگانە پەیوەندی ستراتیژی هەبێ، لە ڕووی ئابووری، سیاسی، ستراتیژی، تەکنەلۆژی و هەروەها لە ڕووی ژینگەیی، ئەوەش لە ڕێی سەکۆیەکەوە بە ناوەی "بلۆ پاسیفیک فۆرۆمر"(The White house: 2022)

سەبارەت بە ستراتیژی هیندۆ-پاسیفیک Indo-Pacific Strategy وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، ئەنتۆنی بلینکین، ووتی، لە هەر شوێنێ پێویست بوو لەگەڵ چین ڕەکابەرین و لە هەر شوێنێ توانرا هاوکارین و لە هەر شوێنێکیش بە پێویستی ببینین دەبینە دوژمن. واتا بە سێ ڕەهەند لێکدانەوە بۆ ستراتیژی ئەمریکا کراوە بەرامبەر بە چین؛ یەکەمر، ڕکابەرایەتی، دووەمر، هاوکاری و سێیەمر دۆژمنایەتی، یاخۆد هاوسەنگی نێوان ڕکابەرایەتی و هاوکاری (Li, Chris, March1, 2023) لە بەرامبەر ئەمر سێ ڕەهەندە ستراتیژی ئەمریکا لە هیندۆ-پاسیفیک لە ڕێگەی، یەکەمر: وەبەرهێنان، دووەمر: هاوپێمانێتی دروست کردن، سێیەمر: ڕکابەرایەتی، پەیرەو دەکرێ. لە بابەتی یەکەمدا بۆ وەبەرهێنان، تا بکرێ لە ڕکابەرایەتی بکرێ بەرامبەر بە چین و پێویستە ئەمریکا لە ناوخۆدا بەهێز بێ، چ لە ڕووی پەروەردەیی، یان لە ڕووی تەکنەلۆژیا و ژێرخانەوە. بۆ بابەتی دووەمر: پێویستە لەگەڵ هاوپەیمانەکانی بەردەوام بێت، بە تایبەتی ئەو هاوپەیمانانەی، کە کۆن و سەرکەین، وەکوو کۆریای باشوور و ژاپۆن و هەروەها ئەوانەی، کە کۆن نین، وەکوو هیند و فیلیپین. لە ڕووی ڕێکخراوە فرەنەتەوەییەکان کاراتر بن، بۆ نموونە (AUKUS*) ، (QUAD*). لەلایەکی تریشەوە لە ڕووی ناوچەیی، سیاسەتی دوڕگەکانی سۆلۆمۆن Solomon Islands، کە ئیدارەی جۆ بایدن هەوڵی داوە، لە نێوان نەتەوەکانی ئەمر دوڕگانە دامەزراوەیەکی هاوکاری بنیات بنێ، ئەوەیش بە دامەزراندنی دەستپێشخەری پاسیفیکی شین* Blue Pacific Initiative . سێیەمر: بۆ ڕکابەرایەتیکردن و ڕێگریکردن لە بازرگانی، باس لە پرسی مافی مرۆڤ ودیمۆکراسی و سنووردارکردنی چیپە پێشکەوتووەکان restriction of advanced chips بکرێ.(Saha, April 28, 2022)

---

*هاوبەشی سێ قۆڵی بۆ پرسی ئاسایشی لە نێوان ئۆستراليا، بريتانيا و ويڵايەتە يەکگرتووەکانی ئەمريکا بە مەبەستی هاوکاری لە ڕووی زانياری و تکنەلۆژيای سەربازی و سايبەری و زيرەکی دەستکرد و چەکی مۆدێرن و هەروها پرسی ئەتۆمی و دواجار لە سەنتەرێکی تايبەت بە ئاسايش و سەربازی هاوبەشی يەکتر بن و ئالۆگۆڕی زانيارييەکان بکەن، (AUKUS) لە ١٥ی ئەيۆل ٢٠٢١ ڕاگێنرا.

*ديالۆگی چوار لايەنە بۆ ئاسايش لە نێوان هێزەکانی هندۆ پاسيفيک و ئەمريکا Quadrilateral Security Dialogue (QUAD) ، کە پێک دێت لە ئۆستراليا، هيندستان، ژاپۆن و ويڵايەتە يەکگرتووەکانی ئەمريکا بە مەبستی ڕووبەڕووبوونەوەی فراوانخوازيەکانی چين لە باشووری دەريای چين

*دروست بوونی هاوبەشی لە نێوان وڵاتانی، کە لە ناوچەی پاسيفيکی شين بوونيان هەيە، ئەمر دەستپێشخەريە لە حوزەيرانی ساڵی ٢٠٢٢ ڕاگەيەندرا و لە نێوان ئۆستراليا، ژاپۆن، نيوزيلەندا، بەريتانيا و ويلايەتە يەکگرتووەکانی ئەمريک، کە دواتر وڵاتانی کەنەدا، ئەڵمانيا و کۆريای باشوور چوونە پاڵيان ،لە پێناو هاوکاری و هەماهەنگی کردن لە پەرێدانی بواری ئابووری، ديپلۆماسی و ئاسايشی. (The Whitehouse, Sep 22, 2023)

**٣-٢-پرۆژەی ئاوریشمی BRI و وڵامدانەوەی ئەمریکا:**

لە دیدی ئەمریکا چین دەیەوەی لە ڕێگەی بەکارهێنانی سەرچاوەی ئابووری پەرە بە هەژموونی سیاسی خۆی بدات، ئەمەش واتە سەرهەڵدانی هێزی چینی، تا لە ڕووی جیۆپۆلەتیکەوە بەهێز بێ. ئەمریکا لە باشوور و ناوەندی ئاسیا پەرەی بە ئابووری داوە، دوای جەنگی ئەفغانستان ئەم پەرەپێدانەی زیاتر بووە. دواتر ستراتیژی ئۆباما ڕووکردن بووە بەرەو ئاسیا Pivot to Asia. ئیدارەی ئۆباما بە بڕی ١٠ ملیار دۆلار پاڵپشتی ئەو ستراتیژەی کردووە، تا هێڵی بۆڕی بە تۆرکمانستان، ئەفغانستان، پاکستان و هیندستان تێدەپەڕێ. ئەمریکا لەگەڵ هاوبەشە ئاسیاییەکانی زیاتر نزیک بۆتەوە، ئەو نزیکبوونەوەیەی لە هاوبەشی ترانس پاسیفیک پارتنرشیپ (Trans-Pacific Partnership(TPP) ڕەنگی دایەوە، بەڵام دواتر ئەم بەرنامەیە لەلایەن دۆناڵد ترامپ ڕەتکرایەوە و لە بری ئەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی پرۆژەی پشتین و ڕێگای چینی BRI فەرمانی تری دەرکرد بەناوی The Build Act*. هەندێ لە وڵاتان دژی پرۆژەکەی چینن، بۆ نموونە هیندستان. ئەو وڵاتانە وا بیردەکەنەوە، کە چین دەیەوی دەست بەسەر ئاسیا بگرێ. هەندێ لە شرۆڤەکاران بەو پرۆژەیە دەڵێن بازنەی مرواری (String of Pears)، ئەمە ستراتیژێکی جیۆئیکۆنۆمییە، چین بە پێدانی قەرزی زۆر بە دراوسێیەکانی خۆی لە زریانی هیند (Indian pacific) مەبەستیە، کۆنترۆڵی خاڵە هەستیارەکانی ناوچەکە بکات.




وینەی ٢: "ستراتیژی بازنەی مرواری چینی" (Ellis, March 18, 2009)

بۆیە ئەو تێروانە وای بۆ دەچێ، هیندستان بە هەستیارییەوە سەیری ئەم پرۆژەیە دەکات، کە لە پاڵ بازنەی مرواری کار بۆ ئەو ڕێڕەوە ووشکانییانە دەکرێ، کە چین و پاکستان بەیەکەوە گرێ دەدا، لەناو ئەو دەستپێشخەریەی چین BRI ، کە حزبی کۆمۆنیستی چینی بە سەرکردایەتی شی جی پینگ سەرپەرشتی دەکات. ئەمە دەتوانێ وەکوو هەڕەشە ببینرێ بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی هیندستان. پەیوەست بە ژاپۆن، ئەو دەوڵەتە بە گومانەوە دەڕوانێتە فراوانخوازیەکانی چین لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، بۆیە ژاپۆن لە ٢٠١٦ پابەند بوو بۆ خەرجکردنی ١١٠ ملیار دۆلار بۆ پرۆژەی ژێرخانی تەواوی ئاسیا. ژاپۆن لەگەڵ هیندستان هاوڕایە لەسەر پەرەسەندنی ڕێڕەوەی گەشەپێدانی ئاسیا و ئەفریقا ((The Asia-Africa Growth Corridor(AAGC). سەبارەت بە ئەوروپا، هەندێ لەو وڵاتانی ئەوروپا پرۆژەی ئاوریشمی نوێی چینیان پێ باشە، بۆ نموونە ئیتاليا، لوکسمبورگ و پورتوگال و سازانێکی هەرێماتییان هەیە بۆ هاوکاریکردنی پرۆژەی پشتێنە و ڕێگا BRI. فەرەنسا لەگەڵ جێ بەجێکردنی ئەم پرۆژەیە نییە، بەڵام ڕوسیا ئەم پرۆژەیەی جینی قبووڵە (McBride, February 2, 2023).

* ئەم پرۆژەیە لە وڵامدانەوەی پرۆژەی یەک پشتێنە و یەک ڕێگای وڵاتی میللی چینە، کە لە لایەن ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕاگەیەندرا بەمەبەستی هاوکاری نێودەولەتی بۆ پەرەپێدانی دارایی و کەرتی تایبەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. بۆ ئەم مەبەستەش کار بو زیادکردنی ئەو ڕێژە پارەیە دەکرێ، لە ٢٩ملیار دۆلارەوە بۆ ٦٠ ملیار دۆلاری ئەمریکی.

### ٤. ستراتیژی ئەمریكا و فراوانخوازیەكانی چین لە دیدگای جۆن میرشایمەر

#### ٤-١- كێبڕكێی ئاسایشی لە نێوان ئەمریكا و چین

كە باسمان لە ستراتیژی ئەمریكا لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا كرد، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ خوێندنەوەی جۆن میرشایمەر سەبارەت بە سیاسەتی ئەمریكا و ئەو هەوڵانەی، كە ئەمریكا پێشوتر داویە و ئێستا ناچارە وەڵامدانەوەی هەبێ بۆ سیاسەتەكانی چین لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. ئەم ڕوانگەیەی میرشایمر وەكوو نیۆریالیستێكی هێرشبەرانە ناوی دەركردووە. میرشایمەر ڕەخنەی توند لە سیاسەتی ئەمریكا دەگرێت، بەوەی كە دەرفەتی داوە، یاخۆد یارمەتی چینی داوە، بۆ ئەوەی چین بێتە ناو ئەو سیستەمە بازرگانییە جیهانییەی، كە ئەمریكا دایمەزراندووە و ئەمریكا سەركردایەتی ئەم سیستەمە نێودەوڵەتییە دەكات. بۆیە خوێندنەوەی میرشایمەر حاڵەتێكی ڕەخنەیی هەیە لە سیاسەتەكانی ئەمریكا، بەتایبەتی لە سەردەمی جەنگی سارد و لە دەرفەتدان بە چین، بۆ ئەوەی بەهێز بێ.

جۆن میرشایمەر لە پەرتووكێكی بە ناونیشانی "تراژیدیای سیاسەتەكانی زلهێز" (The Tragedy of Great power politics) سەبارەت بە كێبركێی ئاسایشیی نێوان ئەمریكا و چین ئاماژەی بەوە كردووە، ئەگەر بە پێی لۆژیكی ڕیالیستەكان بێ، كە پێشبینیان كردووە، هەروەك چۆن ئەمریكا لە ناوچەی خۆی هەژموون و هێزی هەیە، بەهەمان شێوە چین لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ناوچەی خۆی دەیەوێ بەهێز بێت و هەژموونی هەبێ. چین دەیەوێ دەست بەسەر ئاسیادا بگرێ و ببێ بە بەهێزترین دەوڵەت. بۆیە ئەمریكا ڕێگر دەبێ لەوەی هەژموونێكی تر سەرهەڵبدات و ئەوەش دەچێتە ناو چوارچێوەی كێبڕكێ و ناكۆكییەوە. لەكۆتاییدا ئەمە تراژیدیای سیاسەتی زلهێزەكانە. لەبەر ئەوەشە میرشایمەر ڕەوشی دەوڵەتەكانی زلهێز لەناو ستراكچەری نێودەوڵەتی بە گۆڕانخواز Revisionist ناودەبات، كە لە ڕووی توانایی و هێزەوە بە بەردەوامی هەوڵی گۆڕانكاری دەدەن و بەو هێزەی، كە هەیانە ڕازی نابن، بۆیە میرشایمەر چین بەو وڵاتێ ناو دەبات، كە گۆڕانخوازە (Mearsheimer, 2001:3)

ئەمریكا لە سەردەمی تاكجەمسەری سیاسەتی هاوسەنگی هێزی پەیرەو كردووە لە جیهاندا و نایەوی چین هەستانەوەیەكی بەهێزی هەبێ، چونكە ئەگەر ئەمە ڕوو‌بدات، ئەوا چین دەوڵەمەند و بەهێز دەبێ، ئەو كاتە جەنگی ساردی جیهانی بە ناچاری لە نێوان ئەمریكا و چین ڕوودەدات. میرشایمەر ئاماژە بەوەش دەكات، كەوا چیتر یەكێتی سۆڤیەت لە ئارادا نییە، تاوەكوو چین بەكار بێ بۆ بەرپەچدانەوەی لەگەڵ ئەمریكا. لە ئێستادا ئەمریكا تاكە هێزی خاوەن هەژموون و دەسەلاتە، ئەگەر چین لە ڕووی ئابوورییەوە دەوڵەمەند بوو ، ئەوە لە ڕووی هێزی سەربازیش بەهێز دەبێ و ئەگەر لە ڕووی هێزی سەربازی بەهێز بوو، ئەوا بە دڵنیاییەوە هەژموونی خۆی لە ناوچەی ئاسیا زیاد دەكات و دواتر پرۆژەی هێزی خۆیی بۆ هەرێمەكانی تری جیهان دەگوازێتەوە. لەم حاڵەتەدا ئەمریكا ناچارە بەرپەرجی چین بداتەوە، چونكە مەترسی بۆ سیستەمی یەكلایەنەی ئەمریكا دروست دەبێ و كێبڕكێیەكی ئاسایشی دەخوڵقێت.

لەبەر ئەوەی لەناو سیستەمی ئانارشی جیهانی هیچ هێزێكی باڵادەست بوونی نییە، تاوەكوو بەرگری لە هێرشلێكراو بكات، بۆیە وڵاتانی گەورە دڵنیانین لە هێرشی وڵاتانی تری خاوەن هێزی گەورەی سەربازی، ئەمەش وا دەكات متمانە نەمێنێ. باشترین ڕێگەش ئەوەیە، كە وەكو دەوڵەت ببی بە بەهێزترین ئەكتەر لەناو جیهانی پاشاگەردانیدا، ئەمەش بە هەژموون و بە گەیشتن بە زۆربەی هەرێمەكانی جیهان و ڕێگریكردن لە سەرهەڵدانی زلهێز و هەژموونی تر دەكرێ، ئەوانەی دواتر دەبن بە بەربەست بەرامبەر بە پرۆژەی هێزی ئەمریكا لە جیهاندا. بۆیە ئەمریكا لە جەنگی جیهانی یەكەم شكستی بە ئەڵمانیا و ژاپۆن هێنا، و دواتریش شكستی بە یەكێتی سۆڤیەت هێنا. (هەمان سەرچاوە)

#### ٤-٢- ڕەخنەگرتنی میرشایمەر لە ستراتیژی ئەمریكا

میرشایمەر پێی وایە ئەمریكا هەڵەی كردووە بە پێدانی پێگەی " خوازیارترین نەتەوە "(Most-Favored-Nation ) بە چین لەلایەن سەرۆكی ئەمریكا لە هەشتاكانی سەدەی ڕابووردوو و بە بەردەوامیش ساڵانە جەختی لەسەر پێدانی ئەو پێگەیە كراوەتەوە. دوای جەنگی سارد ئەمریكا نەدەبوو گرینگی بە پێگەی چین بدات وەكوو "خوازیارترین نەتەوە"، بەڵام ئەم شێوەیە تەنانەت لە ساڵی ٢٠٠٠ بەردەوامی پێدرا، تا وای لێهات ئەمریكا نەتوانی هەستانەوەی چین كۆنترۆڵ بكات. دەبوو دوای جەنگی سارد ڕێكەوتنێكی تری دوولایەنەی بازرگانی لە نێوان ئەمریكا و چین ئەنجام بدرایە، بە مەرجی قورستر لەسەر چین، بەڵام ئەو كارەش نەكراوە، دواتر ئەمریكا چینی هان دا ببێ بە ئەندام لە ناو ڕێكخراوەی بازرگانی جیهانی WTO. لەلایەكی ترەوە میرشایمەر ئەو سیاسەتانەی، كە ئەمریكا بەرامبەر بە چین لەچەند دەیەی ڕابووردوو ئەنجامی داوە، بەوە گرێ دەدا، كە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بیركردنەوەی

خەیاڵی هەبووە سەبارەت بە هێنانی چین بۆ ناو سیستەمی نێودەوڵەتی لیبراڵی و بازاری ئازاد، کە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد بە سەرکردایەتی ئەمریکا پەرەی پێدرا. جۆن میرشایمەر لە یەکێ لە وتارەکانی، کە لە سەنتەری سی ئای ئێس (CIS Organization) بۆ خوێندنەوەی سەربەخۆ لە ٧ی شوباتی ساڵی ٢٠١٩ پێشکەشی کرد، ئاماژەی بەوە کردووە، کە لە دیدی ئەمریکا ئەگەر کۆماری میللی چین لە بازاری ئازاد و ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان تێوەگلێ، ئەوا بەرپرسیارێتی هەڵدەگرێ و دەبێتە پەیرەوانی لیبراڵ دیمۆکراسی. ئیدارەکانی ئەمریکا لە پێش کۆتایی هاتنی جەنگی سارد تا هاتنی دۆنالد ترامپ بە بەردەوامی باسیان لە تێوکلانی چین کردووە بۆ ناو بازار و بەهاکانی لیبراڵ دیموکراسی ئەمریکی، گوایە چین دەبێتە ئەو وڵاتەی ئەمریکا هەوڵی بۆ دەدات. بۆیە دواتر لە ڕوانگەی میرشایمەر نە تەنها چین نەبوو بە هەڵگری بەهاکانی لیبراڵ دیمۆکراسی، بەڵکۆ ئەم بەهایانە بە هەڕەشە دەبینێ بۆ سەر مانەوەی وڵاتەکەی، بۆیە چین لە سیاسەتی دەرەوەیدا دژ بەو بەهایانە وەستاوە، کە ئەمریکا بڕوای پێ هەبووە و بە تێوەکلانی چین بۆ ناو جیهان دروستی کردووە و بەکاری هێناوە. ئەم ئەزموونەی ئەمریکا ئەنجامی داوە شکستخواردوو بووە، بەڵام کاتێ ترامپ هاتە سەر دەسەلات ئەو ستراتیژانەی هەر چوار سەرۆکی پێشوتری ئەنجامیان دابوو بۆ تێوەکلانی چین، کە ئێستا بەهێزتر بووە، بە تەواوی ڕەتکردەوە. ترامپ ستراتیژی تێوەکلانی گۆڕی بۆ ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوە. لە دیدگای میرشایمەر، کاتێ دۆنالد ترامپ هاتە سەر دەسەڵات، دژ بەو سیستەمە لیبراڵییە نێودەوڵەتییەی ئەمریکا هەڵسوکەوتی کرد، بەتایبەتی سیاسەتی پەلکێشکردنی چین بۆ ناو ئەو سیستەمە بە هەڵە وەسفکرد، بۆیە ئەو سیاسەتی تێوەکلانی گۆری بۆ سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوە (Mearsheimer, Aug 7, 2019)

لە سەردەمی ترامپ لە ستراتیژی بەرگری بۆ ساڵی ٢٠١٧ ئاماژە بە ڕکابەریکردن لەگەڵ هێزی گۆڕانخواز "revisionist power " کراوە (Mearsheimer, Oct 19, 2021)، واتە ئەو جیهانەی، ئەو کاتەی ئەمریکا تێیدا بوو بە تاکە هێز، لە دوایی ١٩٩٠کان، کەمتر بیری لە سیاسەتی ڕیالیستی و هاوسەنگی هێز کردۆتەوە، کە ڕیالیستەکانی وەکوو میرشایمەر بڕوایان پێی هەبوو. بۆیە ئەمریکا دەرفەتی بۆ وڵاتانی ڕکابەری ئەمریکا ڕەخساندووە، تاوەکوو بەهێزتر بن، گۆڕانخوازەکان هەرگیز قبوڵی ئەم سیستەمەی ئەمریکایان نەکردووە. بۆیە لە دیدگای میرشایمەرەوە پاش دۆناڵد ترامپ، واتە لە سەردەمی جۆ بایدن لەوانەیە پەیوەست بە ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوەی فراوانخوازیەکانی چین لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لەیەکچوون هەبووبی لە نێوان ترامپ و بایدن. لێرەدا ئەوەی جیاوازە ئەوەیە، بایدن گرینگی بە هاوپەیمانێتی وهاوسەنگی هێز داوە لە ڕۆژهەلاتی ئاسیا. میرشایمەر دواجار پێی وایە، لەپاڵ ئەم هاوپێمانیەتییە پێویستە ئەمریکا بە کردار و بە مەرجە سەختەکانی ئابووری ڕووبەڕووی چین ببێتەوە. (Mearsheimer, Nov 17, 2020) ئەو وەکوو ڕیالیستێ پێی وایە، دەبوو ئەمریکا لەڕووی ئابووری ڕووبەڕووی گەشەکردنی چین بێتەوە، ئەو چینەی دەیەوێ ببێ بە هەژموونێکی هەرێمی و دەست بەسەر ڕۆژهەلاتی ئاسیا بگرێ. لە چاوپێکەوتنێکیدا لە ١٩ تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢١ لە سەنتەری توێژینەوەی سەربەخۆ، میرشایمەر ئاماژەی بەو هەڵانەی ئەمریکا داوە و دەڵێ، "دەبێ ئەمریکا مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ چین کەمتر بکاتەوە، ڕێگری بکات لە وەبەرهێنانی بیانی لەناو چین و نابێ ڕێگە بدرێ بە گواستنەوەی تەکنەلۆژیا بۆ چین". ئەو بۆ ئەم مەبەستە ئاماژەی بەو هۆکار و دەرئەنجامانە دەکات، گوایە ئەمریکا خۆی بووە بە هۆکاری بەهێزی و هەستانەوەی چین و ئەمەش وای کردووە، ئەم سیستەمە جیهانییەی ئێستا لە دیدی میرشایمەرەوە ناوی لێ بنرێ "جەنگی ساردی نوێ"(New Cold War )، کە بەرەو کێبڕکێی ئاسایشی ڕۆیشتووە و ئەمریکا لە ئێستادا پێویستە سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوە بەکاربهێنێ، کە وەکوو ڕکابەری هاوبەشی لێهاتووە بەرامبەر بە ئەمریکا. (Mearsheimer, Oct 19, 2021)

## ٤-٣- هێزی شاراوەی چین و مەترسییەکان بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا

جۆن میرشایمەر بە ئاماژەدانی بە هێزی شاراوە، وەکوو هێزی ژمارەی دانیشتوان و داهاتی ساڵانەی چین، باس لەوە دەکات، ئەگەر ئەمە بگاتە ئەو ئاستەی، چین بتوانێ بەرەو دامەزراندنی هێزێکی زەبەلاحی سەربازی بڕوات، کە گەورەتر بێ لە هێزی سەربازی ئەمریکا، ئەو کاتە چین دەتوانێ بگاتە دووری ٦٠٠٠ میل. جۆن میرشایمەر بە تیوری خۆی و بە بەراوردکردنی سەردەمی جەنگی سارد لە نێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت و بە هەبوونی جەنگی ساردی دووەم لە نێوان چین و ئەمریکا، دەگاتە ئەو ڕاستیەی، کە ئەم جەنگی ساردی دووەمە زۆر مەترسیدارترە لە جەنگی ساردی یەکەم، لەبەر ئەوەی تواناکانی چین بەرەوپێشچوون بەخۆیانەوە دەبینن و دواتر لە ڕێگەی پرۆژەی ٢٠٥٠، کە چین بە جددی کاری لەسەر دەکات، چین دەتوانێ بگاتە ئەو ئاستەی، کە هەڕەشەکان زۆر جددیتر بن و لە ڕووی سەربازیشەوە لە ئەمریکا بەهێزتر بێ. لەبەر ئەوەی چین لە سیاسەتی لیبراڵی ئەمریکا سوودمەند بووە و خۆی بەهێزکردووە و توانیویە دژ بە بەهاکان و ستراتیژەکانی ئەمریکا ڕابوەستێ، ئەمەش ڕێک پێچەوانەی ئەو ستراتیژییەی

پێشوتری ئەمریکا بووە، کە بریتی بوو لە تێوەکلانی چین  بەو مەبەستەی چین ببێ بە نموونەی دیموکراسی لەسەر ڕێبازی ڕۆژئاوایی. ئەم تێوەکلانەی چین لە ڕوانگەی میرشایمەرەوە وەکوو ئەوە وایە، "فوو لە با بکرێت" (Mearsheimer, 2001: 7)

سەرەڕای ئەوەی میرشایمەر باس لە هەڵەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات، کە بەهێزبوونی چینی لێ کەوتۆتەوە، میرشایمەر ئاماژەی بەوەش کرووە، جیاوازی تواناکان دەتوانێ لەڕووی هێزی ژمارەی دانیشتوان و  لە ڕووی ئابوورییەوە بێ،  بەڵام دواتر پەرەسەندنی سەربازی بەدوای خۆی دەهێنێ. لەلایەکی ترەوە ئاماژە بە دوو فاکتەری گرینگی تر دەکات، کە دەتوانن پێگەی چین بەهێزتر بکەن، مەبەستمان ئایدیۆلۆژیا و جۆگرافیای ناوچەکەیە، کە چین لە ڕووی ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیزیمی  ناسیۆنالیزمە، لە وانەییە هەوڵی فراوانخوازی بدات. نموونەش بو ئەوە، لە کاتی ناکۆکی نێوان ژاپۆن و چین لە سەر دوڕگەی سینکاکۆ لە ساڵی ٢٠١٢-٢٠١٣ لە سەرتاسەری ئەو وڵاتە خەڵکی چین  دژ بە ژاپۆن بەهەستێکی نەتەوەییەوە ڕژانە سەر شەقامەکان. لەڕووی جۆگرافیاوە ترس لەوەدایە، چین توانای هەژموونی بەسەر دەریای باشووری چین و دوڕگەی سینکاکۆ و  تایوان و ڕێرەوی ئاوی نێوان چین و کەنداوی فارس هەیە. میرشایمەر هەوڵی داوە لەهەموو هۆکارەکان بەراوەردکارییەك لە نێوان جەنگی ساردی یەکەم و  جەنگی ساردی دووەم بکات. ئەو پێی وایەی لە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت هەموو هەڕەشەکان لە هەڕەشەکانی ئێستا کەمترن و دەکرێ هەڕەشەکان لەوەش جددیتر بن. بۆیە هەندێ بڕیار بەدەست پێیان وایە، لە سەردەمی جەنگی ساردی یەکەم، لەبەر خوێندنەوە بۆ مەترسیەکان لە نێوان یەکێتی سۆڤیەت و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چەکی ئەتۆمی بەکارنەهات، چونکە ئاکامی ئەو جەنگە ماڵویرانی و کارەساتی گەورەی لەگەڵ خۆی دەهێنا، بەڵام ئەوە گەرەنتی نییە، ئەم چەکە لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بەکار نەهێنرێت. (هەمان سەرچاوە. ل. ٨)

میرشایمەر پێی وایە لە جەنگی سارد، واتە لە ١٩٨٠کان چین تەنها لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە لە ویلایەتە یکگرتووەکان زیاتر بووە، بەڵام لەڕووی ئابووری هەژار بووە. ئەوە ئەمریکا بووە، کە لەڕووی ئابوورییەوە یارمەتی چینی داوە، تا لەناو سیستەمی لیبراڵی جیهانی کارا بێ و دواجار لە ئێستادا لە کێبڕکێدا بێ لەگەڵ ئەمریکا (Mearsheimer, Oct 19, 2021)

## ٤-٤ کۆتا ئامانجی زلهێزەکان گەیشتنە بە هەژموون

لە دیدی میرشایمەر بە بەکارهێنانی تیۆری ڕیالیزمی هێرشبەرانە بۆ سیاسەتەکانی زلهێزەکان لەناو ستراکچەری سیستەمی نێودەوڵەتی، کە وەکوو تراژیدیا ناو دەبرێ، چونکە تەنگژەی ئاسایشی و ترس  هەیە لە فراوانخوازی و هەژموونی چین و دواجار ئەوەش وای کردووە، ئەمریکا پرۆژەکانی هێز و توانای خۆی بەکاربهێنی لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، بەتایبەتی لە ناوچەی هیندۆ-پاسیفیک.

ڕاستە لایەنگرانی پەلکێشکردنی چین بۆ ناو سیاسەتی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتی ئەمریکا پێیان وایە،  دەبێ هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان چین و ئەمریکا هەبێ، تاوەکوو ڕێگری لە جەنگ و ناکۆکی بکرێ، بەڵام لە ڕوانگەی میرشایمەر لە پشت ئەوەوە ڕاستەیەکی تر بوونی هەیە، ئەوەیش ئەوەیە، زلهێزەکان نایانەوێ هیچ هێزێکی تر  لەوان لە پێشتر بێ و لە پشت ئەوانەوە خۆیان بەهێزتر بکەن. زلهێزەکان نایانەوێ کەس لەسەر حیسابی ئەوان بەهێزتر بێ. ئەمەیە ستراکچەری سیاسەتی نێودەڵەتی، کە متمانە بوونی نیە. بۆیە واشنتۆن بە پێویستی زانیوە هێزی کلاسیکی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا جێگیر بکات و بە چین بڵێ، لە ئەگەری هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی نێوانمان دەتوانین سەرکەوتن بەدەستبهێنین، بەڵام بە هۆی تێچووی زۆرەوە دواجار بەگران لەسەرمان دەکەوێ. هەبوونی ڕێکەوتن لە نێوانیان بابەتێکی گرینگە بۆ ڕێگریکردن لە ئەگەری جەنگ، بەڵام ئەوەش ئەوە ناگەیەنێ، کە ئەمریکا واز لە لۆژیکی ڕیالیستەکان بهێنێ و بەردەوام بێت لە بەهێزکردنی چین، کە دواتر دووچاری ئالنگاری زیاتر بێ لە هەر لایەکەوە. (هەمان سەرچاوە. ل.٩)

جۆن میرشایمەر لەڕێگەی خوێندنەوەی بەراوردکاری و ڕەخنەیی پەرەی بە تیۆری خۆی داوە لە شیکرنەوەی ستراتیژی ئەمریکا بەرامبەر بە هەستانەوەی چین، لەبەرامبەردا لەناو ئەم سیستەمە ئانارشی و پڕ لە کێبڕکێیە چین دووبارە وەکوو ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەست بە ترس و نامتمانەیی دەکات، بۆیە چین کار بۆ فراوانخوازی خۆی دەکات. ئەو ناکۆکی و کێبڕکێیە کاتی کەم دەبێتەوە، ئەگەر ئەو هەژموونەی ئەمریکا لە تەواوی جیهان پەیرەو بکرێت، کە لە بەشی ڕۆژئاوای جیهان ( Western Hemisphere) دا هەیە، کە تاکە هەژموونە و هیچ دەوڵەتێ ناکەوێتە جەنگ لەگەڵ ئەمریکادا، لە ترسی دۆڕان، بۆیە ئەگەر ئەم لۆژیکە لە تەواوی جیهان پەیرەو بکرێ، هیچ دەوڵەتێ دواتر لە ترسی دۆڕان ناکەوێتە جەنگ لەگەڵ ئەمریکا.( :Mearsheimer, 2013 84-85) بە گوێرەی ڕیالیستی هێرشبەرانە، ئەمریکا لە ڕۆژئاوای جیهان هەژموونی هەرێمی هەیە، بۆیە چاوەڕوانی ئەوەش دەکرێ،

چین لە ئاسیا ببێ بە هەژموونی هەرێمی، (هەمان سەرچاوە: ٨٨) واتە بە گۆیرەی نیۆریالیستی هێرشبەرانە، کە پشت بە میتۆدێکی بەراوردکاری دەبەستێ، و پێی وایە ئەوەی بۆ ئەمریکا لە ناوچەکە ڕاست و ڕەوایە، دەکرێ هەمان سیاسەت بۆ چین لە ناوچەی خۆی ڕەوا و دروست بێ، وەك ئەوەی چۆن ئەمریکا دراوسێی لاوازی دەوێ، بەهەمان شێوە چینیش دراوسێی لاوازی دەوێ. دراوسێیەکانی چین بریتین لە ژاپۆن، ڕوسیا و هەندێ لە وڵاتانی تری ناوچەکە. دراوسێیەکانی چین هەستیان بە مەترسی هەژموونی ناوچەیی چین کردووە و هەوڵ دەدەن ڕێگربن لەوەی چین هەژموونی هەبێ و فراوانخوازی ئەنجام بدات. وڵاتانی وەکوو هیندستان، ژاپۆن و ڕوسیا، هەروها ئەو هێزە بچووکانەی تر، وەکوو سەنگاپوور، کۆریای باشوور، ڤێتنام، نیگەرانن لە فراوانخوازیەکانی چین و هەوڵ دەدەن ڕووبەڕووی چین ببنەوە.(Mearsheimer, Sep 20, 2023)

هەر وەک ئاماژەمان پێ کرد، ئەمریکا چین بە دەوڵەتێکی گۆڕانخواز ناو دەبات و بۆ وەڵامدانەوەی ئەو فراوانخوازیانەی چین، کە کاریش بۆ گۆڕینی ئەو سیستەمە جیهانییە دەکات، کە ئەمریکا دایمەزراندووە، بۆ درووسکتردنی هاوسەنگی هەوڵی درووستکردنی هاوپەیمانێتی دەدات، تا لە ڕێگەی ئەو هاوپەیمانێتییەوە چاودێری هەڵسانەوەی چین بکات. هەروەك چۆن کاتی خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی یەکێتی سوڤیەت لە سەردەمی جەنگی سارد بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا و ژاپۆن و تەنانەت خۆدی چین هاتنە پاڵ ئەو هێزەی، کە ئەمریکا دروستیکردبوو.

هەرچەندە ڕیالیزمی بەرگریکار لەگەڵ ئەوە نییە چین ببێتە مەترسی بۆ سەر دراوسێیەکانی، ئەگەر زلهێز بە دوای هەژموون نەگەرێ، چونکە نەیاران بەرپەرچی هەر هەژموونێکی هاوپێمانێتی دەدەنەوە.

هیچ سازانێ لە نێوان ستراکچەڕال ڕیالیستەکان نییە سەبارەت بەوەی، ئایا هەڵسانەوەی چین بەشێوەی ئاشتیانە دەبێ، یان نە. لەناو ستراکچراڵ ڕیالیستەکان ڕوون نییە، تا چ ڕادەیەك هێز پێویستە وەکو هۆکار بۆ سەرهەڵدانی جەنگ. ئەوەی گرینگە لای نیوریالیستەکان ئەوەیە، ستراکچەری سیستەمی نێودەوڵەتی زلهێزەکان ناچار دەکات لە نێوان خۆیاندا کێبرکێ بکەن بۆ بەدەستهێنانی هێز.(Mearsheimer,2013: 88-91)

ئەم تیۆری ڕیالیستی هیرشبەرانەیە لەو باوەڕەدایە چین دیەوێ لەگەڵ کاتدا دەست بەسەر ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بگرێت. بەگوێرەی هەمان تیۆری، ئەگەر ئەم کارە ڕووبدات، ئەوا چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ، ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا وڵامدانەوەی هەبێ و ڕێگری بکات لەوەی چین دەست بەسەر ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بگرێ. واتە ئەگەر چین ببێتە ڕکابەرێکی هاوبەش، ئەو کاتە لە ئەمریکا ئەوە چاوەڕوان دەکرێ، بڕواتە ناو پرۆژەی ستراتیژی دژایەتیکردنی هەژموونی چین، هەروەها ڕێگری بکات لە دەستێوەردانی چین لە ناوچەکانی تری جیهان، کە لەوانەیە ئەو دەستێوەردانە ببێتە مایەی مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی ئەمریکا. بۆیە تیۆرییەکەی میرشایمەر ناو نراوە ڕیالیزمی هێرشبەرانە، چونکە لەسەر ئەو گریمانەیە فۆرمولە کراوە، کەوا زلهێزەکان بە بەردەوامی بەدوای دەرفەت دەگەڕێن بۆ بەدەستهێنانی هێز و سەرکەوتن بە سەر نەیارەکانیان، و هەژموون دوا ئامانجی زلهێزەکانە. (Mearsheimer, 2001: 85) بەو پێیە ئەمریکا لە ڕێگەی وەبەرهێنان و هاوپەیمانێتی و ڕکابەرایەتی هەوڵی داوە، ڕێگری لە پرۆژەی فراوانخوازی چین لە ڕۆژهەلاتی ئاسیا بکات. بە گوێرەی تیۆری میرشایمەر، سیاسەتی درووستکردنی هاوسەنگی لە دوورەوە بەکارهێناوە، بەڵام ئەگەر هەڕەشەکان لە ڕێگەی ستراتیژی "بەرپرسیارێتی خستنە سەر ئەستۆی لایەنی تر" (Buck passing) چارەسەر نەبێ، ئەوا ئەمریکا خۆی ڕاستەوخۆ دەستێوەردان دەکات، بەڵام ئەمریکا زیاتر لە ڕێگەی دروستکردنی هاوپەیمانێتییەوە هەوڵی داوە، ئەم تەنگژە ئاسایشییە لە ڕۆژهەلاتی ئاسیا کۆنترۆڵ بکات، لەبەر ئەوەی چین خۆی لەم دورگەیەدا لەگەڵ دراوسێیەکانی کێشەی هەیە، بۆیە دراوسێیەکانی هەوڵ دەدەن، ڕێگری لە هەژموون و فراوانخوازیەکانی چین بکەن و ستراتیژی هاوسەنگی پەیرەو دەکەن.(Li, Chris, March 1, 2023)

لە ڕوانگەی میرشایمەر ئەو سەردەمەی ئەمریکا تاکجەمسەر بوو، کێبڕکێی نێوان زلهێزەکان بوونی نەبوو و ئەمریکا دەستی واڵا بوو لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی لیبراڵی خۆی لە جیهان. بەهۆی ئەم سیاسەتەی ئەمریکا، چین سوودمەند بوو و لەلایەکی تریشەوە ڕوسیا بەهێز بوو. بۆیە سیستەمی تاکجەمسەری لە ٢٠١٧وە گۆڕاوە بەرەو فرەجەمسەری و لەبەر ئەوە ئەمریکا ڕووبەڕووی هەژموون و فراوانخوازیەکانی زلهیزەکانی تری وەک چین و ڕوسیا دەبێ. واتا لە سەردەمی جەنگی سارد تەنها کێبڕکێی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکا هەبووە، بەڵام لەئێستادا کێبڕکێ لە نێوان چین و ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئەمریکا و ڕوسیا لە ئەورووپادا هەیە. (Mearsheimer,Sep 20, 2023) لەسەر ئەم بابەتە جۆن میرشایمەر پێی وایە دوای ڕووداوەکانی ١١ی ئەیلولی ٢٠٠١ و دەستپێکردنی جەنگی ڕاستەوخۆ، چین لەلایەن ئەمریکاوە زیاتر پەراوێزخرا. لە دیدی میرشایمەر جەنگ هیچ پێویست نەبوو چونکە هیچ

هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر بەرژەوەندی ئەمریکا بوونی نەبوو ، بەڵام دواجار دۆکتۆرینی جۆرج بوشی ساڵی ٢٠٠١- ٢٠٠٣ پەیڕەوکرا، بە تێوەگلانی ئەمریکا لە هەردوو جەنگی ئەفغانستان و عیراق، بە بیانووی پاڵپشتی کردنیان لە تیرۆریزم و هۆکاری ڕووداوەکانی ١١ی ئەیلول، کە تێچوویەکی زۆری بۆ ئەمریکا هەبوو و بووە هۆکاری شکستی سیاسەتی ئەمریکا ، کە لە ڕێگەی ستراتیژی دژی تیرۆریزم و کارکردن بۆ بەڵاوکردنەوەی بەها دیمۆکراسیەکان و بەها لیبرالیەکان ویستیان ئەوە بوو، گۆڕانکاری لە وڵاتە تۆتالیتارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست درووست بێ، تاوەکوو بە گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی لەو وڵاتانە بۆ دیمۆکراسی و ئازادی و بەهاکانی لیبرالی سەرچاوەی تیرۆریزم لەناو ببرێ. بۆیە میرشایمەر پێی وایە، ئەمریکا نە تەنها نەیتوانی ئەو دەوڵەتانە بگۆڕێت و وایان لێبکات بێنە ژێر باڵی هەژموونی لیبرالی ئەمریکا، بەڵکۆ بوونە هۆکاری سەر هەڵدانی توندڕەوی و زیادبوونی ڕێکخراوەکانی تیرۆریستییەکان بە شێوەیەک کە بوونی ئەمریکا لە ناوچەکە بە هەڕەشە سەیردەکرا. بۆیە ئیدارەکانی دواتر لە ئەمریکا هەستیان بەم هەڵەیە کرد کە لە ئاکامی خۆ سەرقاڵ کردن بە بەڵاوکردنی بەها لیبرالیەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، هەستانەوەی چین و بەهێزبوونی لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا فەراموش کرا، کە لە ئێستادا ئەمریکا ناچارە ڕووبەڕووی ئەم هەستانەوەی چین بێتەوە لەو ناوچەیە.(Mearsheimer, 2019: 24-29) چونکە لە ڕوانگەی میرشایمەرەوە لۆجیکی سیاسەت ئەوەیە، ئەمریکا نایەوێ لە هیچ شوێنێکی جیهان هەژموونی هەرێمی سەرهەڵبدات، هەر وەك لە ڕابووردوو ئیمپراتۆریەتی ژاپۆن، ئەڵمانیا و یەکێتی سوڤیەتی لەناو برد، بەهەمان شێوە لە ئێستادا ڕێگە نادات، هەژموونێکی هەرێمی وەکوو چین سەر هەڵبدات و ببێتە مایەی مەترسی لەسەر ئاسایشی نیشتیمانی ئەمریکا. بۆیە ئەمریکا بە جێگیرکرنی هێزەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و بە دروستکردنی هاوپەیمانێتی هەرێمی بۆ بەدەستهێنانی هاوسەنگی بەرامبەر بە چین، پەیوەندی لەگەڵ نەیارانی چین درووستکرد و بەم شێوەیەش ستراتیژی خۆی لەڕۆژهەلاتی ئاسیا پەیرەو کرد و هەوڵی دا، بەرامبەر بە فراوانخوازیەکان چین ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوە پەیڕەو بکات. میرشایمەر پێی وایە ئەگەر شەڕ لە نێوان چین و ئەمریکا ڕووبدات، ئەوا ئەگەری هەیە ئەو شەڕە سەخت بێت، دەکرێ ئەو شەڕە لەسەر تایوان بێ، یان لەسەر دەریای باشووری چین بێت، یا لە ڕۆژهەڵاتی دەریای چین بێت، دواتر ناکۆکیەکی سڕکراو لە بری ئاگربەست سەرهەڵدەدا، ئینجا ئەم ناکۆکییە وەکوو جەنگی سارد باس کراوە. (Mearsheimer,Sep 20, 2023)

## دەرئەنجام

ئێمە لەم تۆیژینەوەیە گەیشتنی ئەم دەرئەنجامەی کە جیهانی نوێ لە ڕوانگەی تیۆری هێرشبەرانەی جۆن میرشایمەر سەبارەت بە هەبوونی ئانارشی و سیاسەتەکانی زلهێزەکان ئەوەیە کە:

1. دەوڵەتە زلهێزەکان لە ڕێگەی زیادکردنی هێز و توانایان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەرێمی بە بەردەوامی هەوڵی گۆڕانکاری دەدەن، تا ئەو ڕادەیەی دەگەن بە هەژموونێکی جیهانی. بۆیە لە دیدی ڕەخنەگرانەی جۆن میرشایمەر ئاشتی جیهانی بوونی نییە و کێبڕکێی ئاسایشی دەوڵەتانی زلهێزی وەکوو ئەمریکا و چین هان دەدات، کار بۆ پەرەپێدان و تۆکمەترکردنی پێگەی خۆیان بکەن.
2. چین لە ڕێگەی بەکارهێنانی سیاسەتی هێزی نەرم و ئابووری وای نیشان داوە، ئامانجی کۆنترۆڵکردنی جیهان نییە، بەڵام لە پرۆژەکانی خۆیدا کار بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی هاوبەشی جیهانی دەکات، تا لە ڕێگەی ئامرازی ئابووری و بازرگانی چارەنووسی مرۆڤەکان بەیەکەوە گرێ بدات،
3. لە بەرامبەردا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێگەی خوێندنەوەی بۆ ئەو ئامرازانەی چین بەکاری دەهێنێ هەست بە مەترسی دەکات لەسەر مانەوەی خۆی و نایەوێ ڕێگە بدات، هیچ وڵاتێکی گۆڕانخواز لەم جیهانەدا سەر هەڵبدات و ببێت بە مایەی مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا.
4. بە تێڕوانینی جۆن میرشایمەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا توانیویە بۆ ڕێگری کردن لە فراوانخوازیەکانی چین ستراتیژی خۆی لە ڕێگەی درووستکردنی هاوپەیمانێتی هەرێمی لە ناوچەکە و بازرگانی و ڕێکخراوەکان و دروستکرنی بنکەی سەربازی و پاڵپشتی کردن لە نەیارانی چین لە ناوچەکە، بۆ نموونە ژاپۆن و تایوان و چەندین وڵاتی تر، مسۆگەر بکات.
5. میرشایمەر پێی وایە مافێکی ڕەوای دەوڵەتەکانە پەرە بە توانا خۆیان و هێزی خۆیان بدەن، چونکە لە جیهاندا متمانە بوونی نییە و سیستەمێکی خۆیارمەتیدەر دروستبووە بۆ کارکردن لە پێناو مانەوەی خۆیان. بۆیە ئەمریکا لە ڕێگەی گەیشتن بە هەژموونێکی جیهانی دەتوانێ مانەوەی خۆی مسۆگەر بکات و ئەم سیستەمە ئانارشیە، کە لە دیدی ڕیالیستەکان بەردەوامە، دەتوانرێ لە ڕێگەی تاکە هەژموونی جیهانی کۆتایی پێ بهێنرێ،
6. بەڵام ئەمەش تەنها گریمانەیە، کە میرشایمەر ئاماژەی پێ دەدات، لەبەر ئەوەی سیاسەتی زلهێزەکانی تری وەکوو چین لەسەر ئاستی هەرێمی و جیهانی کار لە سەر زیادکردنی هێز و تواناکانی خۆیان دەکەن و بەرەو فراوانخوازیی هەنگاو دەنێن.

7. لە کۆتاییدا میرشایمەر ئەم ڕەوشەی پێکهاتەی سیستەمی نێودوڵەتی بە تراژیدیای سیاسەتەکانی زلهێز ناوزەدکردووە، چونکە ئەوە ولایەتە یەکگرتووکانی ئەمریکایە دەرفەتی بۆ چین ڕەخساندووە، ببێ بە "خوازیارترین نەتەوە" لەناو ئەو سیستەمە لیبراڵییەی، کە دایمەزراندووە، ئەمەش بۆتە هۆکاری گەڕانی چین بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆی و لە ڕێگەی سیاسەتەکانی تێوکلان لەناو سیستەمی لیبراڵی جیهانییدا سوودمەند بێت.

8. دواتر ئیدارەی ترامپ پەنجەی بۆ چین درێژ کرد و بە دەوڵەتێکی گۆڕانخواز ناوی برد، بۆیە لەم ساتە وەختەدا ئەمریکا ناچارە ڕێگری لە فراونخوازیەکانی چین بکات و پێویستە لەسەری ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوە و سنووردارکردنی هێزی چین پەیرەو بکات.

ئێمە کاتێ خوێندنەوە بۆ سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکانی تری جیهان دەکەین، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، کە لە ناو تیۆری نیۆریالیستەکانی وەکوو جۆن میرشایمر، ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بۆ ئەمریکا گرینیەکی زۆری هەیە، چونکە ئەگەر ئەو ناوچەیە لەدەست ئەمریکا دەربچێ و بکەوێتە ژێر دەسەڵات و هەژموونی چین، ئەوا لەوانەیە هاوسەنگی هێز لە جیهان بگۆڕدرێ، بۆیە ئەمریکا لە ڕێگەی پرۆژەی ئابووری، بازرگانی، ڕێکخراوەیی و هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە بنکەی سەربازی و دامەزراندنی هاوپێمانیەتیەکی ناوچەیی ڕێگری لە  درووستبوونی هەژموونی نوێ دەکات.

بە تێراوونینی ئێمە لە ئێستادا (٢٠٢٤) ئەمریکا سەرقاڵی چەندین دۆسیەیە لە جیهان، وەکوو جەنگی نێوان ڕوسیا و ئۆکرانیا، جەنگی ئیسرائیل وحماس و کاریگەری ئەکتەرە نێودەوڵەتیەکان و سەرهەڵدانی هەژموونی ناوچەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست،  لە لایەکی ترەوە ئەمریکا گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی، کە دەبێ کەمترین هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندییەکانی هەبێ لە جیهان و نابێ ئاڵۆزیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ئەوروپا کاریگەرییان هەبێ لەسەر ستراتیژی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و بەتایبەتی فراوانخوازییەکانی چین نابێ لەسەر حیسابی هەژموونی ئەمریکا بێت. بۆیە ئەمریکا هەوڵ دەدات لە ڕێگەی  درووستکردنی هاوپەیمانێتی ناوچەیی، یاخود لە ڕێگەی سوودوەرگرتن لە ناکۆکی هەرێمی پەرە بە ستراتیژەکانی خۆی و مانەوەی  ئەو سیستەمە بدات، کە دایمەزراندووە.

## سەرچاوەکان:


- AEPF,” The Belt nd Road Initiative: an AEPF framing paper” Published by the Asia Europe People’s Forum, November 2019
- Binnendijik, Hans “U.S. Strategic Objectives in East Asia” Strategic Forum 68, National Defense University, Institute for National Strategic Studies (INSS) no.68, March 1996
- Brice Pedroletti, La Chine accueille le sommet de l’Organisation de Shanghai sur fond de rivalités régionales croissante, Le Monde, 2018 : https://www.lemonde.fr/international/article/2018/06/09/la-chine-accueille-le-sommet-de-lorganisation-de-shanghai-sur-fond-de-rivalites-regionales-croissantes_5312303_3210.html
- CBC News, “China's Belt and Road Initiative: Where it goes and what it's supposed to accomplish” November 27, 2019. Available at: https://www.cbc.ca/news/world/china-belt-and-road-cbc-1.5372916
- Clinton, William J, “Building lines of partnership and bridges to the future”, New York Times, July 10, 1997
- Daishu, Gong, “Thoughts on Mearsheimer's "Offensive Realism" International Journal of Frontiers in Sociology, School of International Relations, Sichuan University, Chengdu, China, Published by Francis Academic Press, UK , ISSN 2706-6827 Vol. 4, Issue 7: 46-52, DOI: 10.25236/IJFS.2022.040709
- Ellis, Chris Devonshire, “ China’s String of Pearls Strategy” March 18, 2009, available at: Source: https://www.china-briefing.com/news/china%E2%80%99s-string-of-pearls-strategy
- Fukuyama, Francis, “The End of History” The National Interest, no.16, 1989, pp. 3-18
- Grieger, Gisela “China's Arctic policy How China aligns rights and interests” EPRS, May 2018, available at; https://www.europarl.europa.eu/RegData/etudes/BRIE/2018/620231/EPRS_BRI%282018%29620231_EN.pdf
- Herz, John H. 1959: The Security Dilemma in the Atomic Age, in: Herz, John (ed.): International Politics in the Atomic Age. New York: Columbia University Press.
- Kawashima, Shin ‘China’s Foreign Policy Objectives and Views on the International Order Thoughts Based on Xi Jinping’s Speech at the 19th National Congress” published on Kokusai Mondai [International Affairs], No.668, Jan.–Feb. 2018.
- Kirshner, Jonathan, “addressing the China Challenge:  Realisms Right and Wrong” oct2, 2023, available at: https://lareviewofbooks.org/article/addressing-the-china-challenge-realisms-right-and-wrong/
- Li Chris, “Academic Webinar: U.S. Strategy in East Asia” Webinar March 1, 2023. Available at: https://www.cfr.org/event/academic-webinar-us-strategy-east-asia
- Lucenti, F. The ‘China Threat’: Stereotypical representations in the US competition with China. Int Polit (2024). https://doi.org/10.1057/s41311-024-00555-y

- Marquis, Christopher, “Qiao, Kunyuan “Mao and Markets the communist roots of Chinese enterprise” New Haven: Yale University Press, 2022
- McBrid, James, etal “ China’s Massive Belt and Road Initiative” CFR,February 2,2023, available at: https://www.cfr.org/backgrounder/chinas-massive-belt-and-road-initiative
- Mearsheimer, John J, “Realism, the Real World, and the Academy," in Michael Brecher and Frank P. Harvey, eds., Realism and Institutionalism in International Studies (Ann Arbor: The University of Michigan Press, 2002), pp. 23-33. available at: https://www.mearsheimer.com/wp-content/uploads/2019/07/A0029.pdf
- Mearsheimer, John J, “Structural Realism” in “International Relations Theories: Discipline and Diversity” prepared by Dunne Tim, Milja Kurki and Steve Smith, 3rd edition, Oxford University Press, 2013
- Mearsheimer, John J, “The False Promise of International Institutions” International Security, Published by MIT PRESS, Vol. 19, No. 3 (Winter, 1994-1995), pp. 5-49
- Mearsheimer, John j, “The trajedy of great power politics” W.W. Norton & Company, 2001
- Mearsheimer, John, J “Director’s cut: John Mearsheimer » Interview with CLSA, Sep 20, 2023, available at: https://www.youtube.com/watch?v=0NlgpstDnAA
- Mearsheimer, John, J “The New Cold War” Interview with CIS, Oct 19, 2021, Available at: https://www.youtube.com/watch?v=8mCzbiF5TmQ&t=1s
- Mearsheimer, John, J, “ US Foreign Policy Under Biden” IIEA, Nov 17, 2020, Available at : https://www.youtube.com/watch?v=KaTGGdsomf4 Prof John Mearsheimer - US Foreign Policy under President Biden
- Mearsheimer, John, J, “Liberal International Order” CIS, Aug 7, 2019, Available at: https://www.youtube.com/watch?v=7kRtt4Jrd_Y&t=253s
- Mearsheimer, John, J, “Tragedy of great power politics”) FOREIGN AFFAIR November/December 2021 The Inevitable Rivalry America, China, and the Tragedy of Great-Power Politics by John J. Mearsheimer
- Mearsheimr John J, “ Bond to Fail: The Rise and Fall of the Liberal International Order” International security, Vol 43, No 4, Spring 2019. https://doi.org/10.1162/ISEC_a_00342
- Pedroletti, Brice, « La Chine accueille le sommet de l’Organisation de Shanghai sur fond de rivalités régionales croissante, Le Monde, 2018 : https://www.lemonde.fr/international/article/2018/06/09/la-chine-accueille-le-sommet-de-lorganisation-de-shanghai-sur-fond-de-rivalites-regionales-croissantes_5312303_3210.html
- Saha, Rushali, “The pitfalls of great power Indo-Pacific” April 28. 2022, available at: https://southasianvoices.org/the-pitfalls-of-great-power-competition-in-the-indo-pacific/?gclid=Cj0KCQjwtO-kBhDIARIsAL6Lord_-D-zX2RGTob7jvFX5zho1GDsVl3siF_cPruXdeDb2U4Z6eEYa10aAlVFEALw_wcB
- Schmidt, Brian C. “Amodest Reaslis in a Tragic world: John J. Mearsheimer’s Tragedy of Great Power politics” in “ Classic of International Relations” frist edisiton, Published by Routledge; 2013
- Sharma, Anu “China’s Polar Silk Road: Implications for Arctic Region” Journal of Indo-Pacific affairs, Air University, Oct 25, 2021, available at: https://www.airuniversity.af.edu/JIPA/Display/Article/2820750/chinas-polar-silk-road-implications-for-the-arctic-region/
- Snyder, Glenn H, “Mearsheimer’s World Offensive Realism and the Struggle for Security: A Review Essay” International Security, Vol. 27, No. 1 (Summer 2002), pp. 149–173
- Stephen Van Evera “Primed for Peace: Europe after the Cold War” Interntioanla security, 15, no. 3 (1990-91): 7-57
- The Maritime Executive, “What does China’s Arctic Policy Actually Say?” Published Jan 28, 2018, available at; https://maritime-executive.com/editorials/what-does-china-s-arctic-policy-actually-say
- The Maritime Executive, 28 Jan, 2018, available at; https://maritime-executive.com/editorials/what-does-china-s-arctic-policy-actually-say
- The Whitehouse, “ Pacific partnership strategy of the United States” Septemebr 2022, available at: https://www.whitehouse.gov/wp-content/uploads/2022/09/Pacific-Partnership-Strategy.pdf
- The Whitehouse, “Readout of The Partners in the Blue Pacific (PBP) Ministerial” Sep 22, 2023, available at: https://www.state.gov/briefings-foreign-press-centers/readout-of-pbp-ministerial
- Toft, Peter. (2005). John J. Mearsheimer: An offensive realist between geopolitics and power. Journal of International Relations and Development. 8. 10.1057/palgrave.jird.1800065.
- Waltz, Kenneth N, “The Origins of War in Neorealist Thoery” Journal of Interdiscipilinary History, Pulished by The MIT Press, Vol.18, No.4, Spring 1988, pp. 615-628
- Yu Jie and Lucy Ridout “Who decides China’s foreign policy? The role of central government, provincial-level authorities and state-owned enterprises” CHATHAM HOUSE, Asia-Pacific Programme November 2021

**U.S. Strategy Toward Chinese Expansion in the East Asia Under the Perspective of Offensive Realist John Mearsheimer**

**Chenar Babaker Mohammed**

Department of International Relations and Diplomacy, College of Politica Sciences, Salahaddin University-Erbil,Erbil,Kurdistan region,Iraq

Chenar.mohammed@su.edu.krd

**Abstract**

East Asia, is a region that became an indispensable strategic position for the United States of America, where it is not for any other actor to become a hegemon in the region and threaten the U.S. national interests. The People's Republic of China is a state that, in the Western view, seeks to become a regional and international actor to change the U.S.-led Liberal international order. In this study, we examined a scientific analysis through the perspective of neo-realist John Mearsheimer, who is a founder of Offensive Realism. He believes the system of liberal international order that the United States has established, granted China the Most-Favored Nation, by which it could engage in the US-led international system. Then China got this opportunity to rise very carefully and improve its economic capacity by which it can reach to its military growth. In this study, by referring to the events and the behavior of the U.S. and China in the East Asia we addressed the John Mearsheimer perspective, which says China has been able to follow its expansion in the region through economic and trade tools where it will reach to the full hegemony and will threaten the U.S. national interests. In the end, the U.S. will counter the Chinese expansion by establishing regional alliances and partnerships, and support Chinese rivals in the region. Nevertheless, China remains a revisionist state in the U.S. National and security strategy, the United States will continue to counter China's expansion under the strategy of containment.

**Keywords**: Realism, Power Politics, Security Dilemma, Hegemony, Chinese expansion, U.S. strategy

**استراتيجية أمريكا تجاه التوسع الصيني في شرق آسيا من منظور نظرية الواقعية الهجومية لجون ميرشهايمر**

**چنار بابكر محمد**

قسم العلاقات الدولية والدبلوماسية، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين-أربيل،أربيل،أقليم كوردستان،العراق

Chenar.mohammed@su.edu.krd

**ملخص**

شرق آسيا هي تلك المنطقة، التي تتمتع بموقع استراتيجي مهم بالنسبة للولايات المتحدة الأمريكية، لذلك ليس لأي جهة فاعلة أخرى أن تفرض هيمنتها على تلك المنطقة وتهدد في نهاية المطاف المصالح الأمريكية العليا في تلك المنطقة. في الوقت الحاضر، جمهورية الصين الشعبية هي تلك الدولة التي تسعى، من وجهة نظر الغرب، لتصبح لاعباً إقليمياً ودولياً وتغيير ذلك الهيكل للنظام الدولي، الذي أنشأته الولايات المتحدة الامريكية. حاولنا في هذه الدراسة إجراء تحليل علمي لهذا الموضوع من وجهة نظر جون ميرشايمر، وهو عالم معروف في مجال الواقعية الجديدة و يعتبر من مؤسسي نظرية الواقعية الهجومية. يعتقد ميرشهايمر أن حالة الفوضى داخل هيكل النظام الدولي أصبحت حقيقة لا جدال فيها. هذا الهيكل وهذا النظام الليبرالي، الذي أنشأته الولايات المتحدة الامريكية، أتاح لجمهورية الصين الشعبية الفرصة تعزيز إمكاناتها الاقتصادية و جعله تشهد تطوراً عسكرياً كاملاً. حاولنا في هذه الدراسة ومن خلال العودة إلى الأحداث و تحليل تصرفات كل من الصين والولايات المتحدة الامريكية في المنطقة تحليل وجهة نظر جون ميرشايمر، لنعرف كيف و بأية طريقة تمكنت الصين من القيام بالتوسع وهل فعلاً تحاول الصين فرض هيمنتها. في النهاية نستنتج، بأنه صحيح أن الصين تسعى من خلال المشاريع الاقتصادية والتجارية الى التوسع، لكن الولايات المتحدة الامريكية تحاول من خلال التحالفات الإقليمية وإقامة شراكات إقليمية و من خلال دعم أعداء الصين في المنطقة مواجهة الصين والحد من سياساتها، لكن لا يزال في الاستراتيجية الأمريكية ينظر إلى الصين على أنها دولة خطيرة و ساعية لتغيير النظام الدولي.

**الكلمات المفتاحية:** الواقعية، سياسات القوة، المعضلة الأمنية، الهيمنة، التوسع الصيني، الاستراتيجية الأمريكية.